

## هونەرمەند خالید سەرکار:
## پێش ڕاپەڕین لەپێناوی هونەر کەس هیلاکبوونی نەدەزانی.. ئەمڕۆش هونەری تورکی و عەرەبی و فارسی لە هونەری خۆمان بە باشتر دەزانین.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٣)**

* هونەرمەند خالید سەرکار کە لە گڵەزەردەی لای زڕگوێز لە دایک بووە، هەر زوو بەهۆی وەزیفەی باوکییەوە هاتوونەتەوە شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بوون، هەر لەوێش قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە. باوکی موزیکژەن و هونەرمەندی بواری مۆسیقا نەبووە، بەڵام دەستی لە هونەری وێنەکێشاندا باڵابووە، ئەمیش کە ئەو هونەرەی لە باوکی بینیوە کاریگەریی بەسەرەوە بەجێ هێشتووە. لە خوێندنی سەرەتاییشدا شەهیدی نەمر فەتاحاغای محەمەد ئەمیناغا ئەلف و بێی کوردی پێ وتووەتەوە، هەر ئەویش بەگیانی نەتەوەیی و کوردپەروەری گۆشی کردووە، لە خانەی مامۆستایانیش وەک خۆی دەڵێ کارەکتەری م. عومەر عەبدولڕەحیم هەرگیز لەبیر ناکات و هەمیشە لە یادیەتی.

* لە گەڕەکەکەیاندا هونەرمەندان حەمە ساڵح و قادر دیلان دراوسێیان بووە و ڕۆژانە ئەوانەی بینیوە، هەر لە قۆناغی ناوەندیشدا بە ڕێکەوت بە هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی ئاشنا بووە، لەو ساڵانەشدا لە جەژنی نەورۆز، لە ئاهەنگەکانی پارتی و حزبی شیوعیدا ئامادە بووە، بەڵام ئامادەبوونەکەی تەنیا بۆ ئەوە بووە گوێ لە دەنگ و هونەری هونەرمەندانی گۆرانیبێژی وەک حەمە ساڵح دیلان و برایمی خەیات بگرێ، هەر لەو کاتانەش بۆ یەکەم جار لە کۆنسێرتی خاڵە سێوەدا ئامادە بووە کە تیپی مۆسیقای مەولەوی بانگیان کردووەتە شاری سلێمانی و بۆیان سازداوە.

* لە بواری هونەری مۆسیقادا لە خانەی مامۆستایان ولیەم یوحەننا و حازم حەدداد مۆسیقایان پێ وتووە، هەر لە خانەی مامۆستایانیش سێ ساڵ

لەگەڵ فرەنسیس داوود وساڵێکیش لەگەڵ ئەنوەر قەرەداغی پێکەوە بوون، لەبەر ئەوەی لەگەڵ فرەنسیس داوود پێیان لە ولیەم یوحەننا نەبڕیوە و بەردەوام لە ماڵەوە سەریان لێ داوە، بۆیە لەسەر دەستی ئەو فێری نۆتە بووە و زانیاریی سەبارەت بە هونەری مۆسیقا لێ وەرگرتووە، هەروەک چۆن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و زانستی مۆسیقایی زیاتر، سەردانی شاری کەرکووکی کردووە و چووەتە لای هونەرمەند شەوکەت ڕەشید، لە بەغداش کوردێکی ئەندامی تیپی ئۆرکێسترای عێراقی ناسیوە و بەردەوام سەردانی کردووە و سوودی لە زانیارییەکانی ئەو و ئەندامانی ئەم تیپە وەرگرتووە، بەمەش بۆ خۆی قەرەبووی خوێندنی ئەکادیمی کردووەتەوە.

* ئەم هونەرمەندە وەک کەسێکی بە سەلیقە و بەهرەدار لە زۆر بواری هونەری مۆسیقاییدا جێ دەستی دیارە لەوانە: کۆڕاڵ، ئۆپەرێت، تیپی مۆسیقای منداڵان، تیپی مۆسیقای کچان، کردنەوەی خولی هونەری، ئاوازدانان بۆ سروود، ئاوازدان بۆ هونەرمەندان کە پتر لە نیو سەدەیە بەردەوام لەو بوارەدا کار دەکات، ئاوازی بۆ هونەرمەندان: کەریم کابان، حەسەن گەرمیانی، عوسمان عەلی، عەباس محەمەد، قادر کابان، عەدنان کەریم، عەبدولقادر حەسەن، ئەسعەد قەرەداغی، ئالا عومەر، کیژان ئیبراهیم خەیات، پەیمان عومەر، زاهیر جەلال و چەندان هونەرمەندی دی داناوە، ئەو ئاوازانە ساڵانێکی دوورودرێژ ویردی سەر زمانی کوردەواری بوونە، شان بە شانی هاوڕێ هونەرمەندەکانیشی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی هەوڵێکی زۆری داوە لە پێناوی گێڕانەوەی ڕەسەنایەتی بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی، پاراستنی شکۆی ئەو ڕەسەنایەتییە تاکە غەمی ئەو بووە، دوای ئەوەی گۆرانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەستی نابووە بینەقاقای گۆرانی کوردییەوە.

* لەبەر ئەوەی لە تاقیکردنەوەی دامەزراندن لە ئەنجوومەنی ڕاژەی بەغدا بە یەکەم دەرچووە، لە نزیکی شاری سلێمانی (هەر لە گڵەزەردە) بە مامۆستا دایانناوە، بەڵام بە خواهیشتی خۆی و بەهۆی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی زۆری لەگەڵ فرەنسیس داوود شوێنەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە ئاڵوگۆڕ کردووە



**سلێمانی - سەرچنار، ١٩٦٨، لە ڕاستەوە: م. حازم حەدداد، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵات بەسەر کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.**

و چووەتە چوارقوڕنە، بەڵام چەند مانگێک زیاتر لەوێ نەماوەتەوە کە فەرمانی گوێزانەوەکەی بۆ شاری سلێمانی دەرچووە و لە قوتابخانەی کانێسکان بووەتە مامۆستای مۆسیقا، ئەو قوتابخانەیەی کە پێشتر خۆی تێیدا قوتابی بووە، لەوێ دەکەوێتە دۆزینەوەی بەهرەی منداڵە بەهرەدارەکان و لە تیپی مۆسیقای سلێمانی سوودیان لێ وەردەگرن، (تۆفیق عەلی) و (خەسرەو عەلی) دوو لەو بەهرەدارانەن.

* ساڵی ١٩٧٢ گوێزراوەتەوە چالاکی قوتابخانەکان و وەک مەشقکاری هونەریی بەسەر قوتابخانەکانی سلێمانیدا گەڕاوە و هاوکاری مامۆستایانی مۆسیقای قوتابخانەکانی کردووە، بەو هۆیەوە بۆ یەکەم جار لە کوردستان کۆنسێرتیان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی گشتیی شاری سلێمانی کردووە، هەر بەهۆی ئەو ئاهەنگەوە بیری دروستکردنی تیپێکی مۆسیقایان لەلا دروست دەبێ و ئەویش دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو تیپە، کە تیپی مۆسیقای مامۆستایان و تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، هەر کاتێکیش پێویستیان پێی بووبێ، بە ژەنین هاوکاری تیپی مۆسیقای مەولەوی و تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیشی کردووە.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مامۆستایان، لە بۆنە نیشتمانییەکاندا بەشدارێکی چالاک بووە، هەروەها مانگانە ئاهەنگی خێزانییان بۆ مامۆستایان گێڕاوە، هەر لەوکاتانەدا کە ئێواران لە

باخچەی یانەی مامۆستایان دانیشتوون، لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ سائیب گفتوگۆی هونەرییان کردووە و پێشنیاری بۆ کردووە و هانی داوە گۆرانییەکانی خۆی کلیپ بکات، خۆشی زۆر ئاسانکاری بۆ کردووە.

* لەمێژ بوو لە بەرنامەماندا بوو ئەم هونەرمەندە بەسەر بکەینەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بکەین، دواجار ئەو دەرفەتە دروست بوو و ئەم دیالۆگەی لێ کەوتەوە.

**ڕامان:** سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەم بۆ ئەم هەڤپەیڤینە، کە لەمێژ بوو دەمانویست جێبەجێی بکەین.

**خالید سەرکار:** منیش بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ شاری سلێمانی، بۆ ماڵی خۆمان، هیوادارم ئەوەی مەبەستە بەدی بهێنین.

**ڕامان:** زۆر سپاس.. ئێمە وەک لەو دیالۆگانەی لەگەڵ هونەرمەندان و ئەدیبان دەیانکەین، مەبەستمانە بزانین سەرەتاکانی تۆ چۆن دەستی پێ کردووە، واتە لەو ژینگە خێزانیەتەوە دەست پێ دەکەین، کە چاوت تێدا هەڵێناوە و فامت تێدا کردووەتەوە، ئاخۆ بۆ ئەوەی ڕوو بکەیتە دنیای هونەر، ئەو ژینگەیە چەندە هاوکارت بووە؟

**خالید سەرکار:** وەک چاوهەڵهێنانی من بۆ دنیاو قۆناغی منداڵیم، لە شاری سلێمانیدا بووە، ڕاستە من لە گوندی گڵەزەردە لەدایک بووم، کە بەوبەری سلێمانییەوەیە و گوندێکی ناسراوە و شێخ حەسەنی گڵەزەردە، وەک فەلەکناسێک لەوێ بووە، ئێمەش خزمایەتی و شێخایەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، هەرچەندە منداڵیم لەوێ نەبووە، بەڵکو لەدایکبوونم لەوێ بووە، بەڵام کە هاتووینەتە شاری سلێمانی بە بۆنەی ئەوەی باوکم لە کاری وەزیفەی حکومیدا بووە، کاتێ چاوم هەڵێناوە، لە شاری سلێمانی بووم، لە گەڕەکی کانیسکان ژیام، لە قوتابخانەی کانیسکان خوێندم.

**ڕامان:** دەبێ لەو قوتابخانەیەشدا سەرەتاکانی ئاشنا بوونت بە هونەر دەستی پێکردبێ؟

**خالید سەرکار:** ڕاستە، لەوێ وەک دەنگ، وەک سروودە کوردییەکان سەرەتای ئاشنابوونی من بوو بە هونەر، بەیانیان ڕیز دەکراین، دەنگخۆشێکیان دەهێنایە دەرەوە، کە هەمیشە لە قوتابییەکانی پۆلی شەش بوو، ئەو سروودی "خۆشم ئەوێی وڵاتەکەم، کانگای هیوا و ئاواتەکەم"، کە برایمی خەیات لەم دواییەدا وتوویەتییەوە، قوتابییەکە ئەو سروودەی دەوتەوە و کۆرسیش هەبوو، بەڵام ئەو کاتە ئامێری موزیک نەبوو، هەمووی هەر بە دەنگ دەوترانەوە، باری سەرنجی ئەو ڕۆژگارە لە یادگاریمدا ماوەتەوە. دووەم لە شاری سلێمانیدا ئەوکاتە ڕادیۆ گرنگیی خۆی هەبوو، بۆ گەیاندنی ئەو میلۆدیانەی بڵاودەبوونەوە تەنیا ڕێگایەک بوو، تازە لە سلێمانی گۆرانی "بە دواتا وێڵم"ی عەلی مەردان بڵاوبووبووەوە، من منداڵ بووم ئەم گۆرانییە زۆر لەلام جوان بوو، لەبەر خۆمەوە دەمووتەوە.

**سەرەتا کە چوومە خانەی مامۆستایان دەستم بە وێنەکێشان کرد، مامۆستای وێنەکێشان عوسمان خاڵ زۆر یارمەتیدام.**

**ڕامان:** دەڵێی لە بەرخۆمەوە دەمووتەوە، ئەوە بەو مانایەیە کە دەنگت خۆش بووە؟

**خالید سەرکار:** نەخێر، ئەو بەهرەی دەنگخۆشییەم تێدا نییە، بەڵام وەک چۆن هەموو کەسێک لە ژیانیدا حەز دەکات میلۆدی لەبەر خۆیەوە بڵێتەوە، هەر ئەوەندە بوو.

**ڕامان:** وەک دەنگت خۆش نەبووە، شێوەی ئەدائت (چڕین) باش بوو؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئەداکەم باش بوو، کە دەمووتەوە گوێی لێ دەگیرا.

**ڕامان:** ئەو کاریگەرییە لە قوتابخانەوە دەستی پێ کرد، ئەی لەناو ئەندامانی خێزان، کەس هەبوو حەزی لە هونەر بێت؟

**خالید سەرکار:** باوکم خوا لێی خۆش بێت بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبووەوە، دەستخەتێکی زۆر جوانیشی هەبوو، من ئەوکاتە منداڵ بووم، کە بیرەوەرییەکانیم دەخوێندەوە، لە هەموو لاپەڕەیەکی بیرەوەرییەکانی، بە دەستی خۆی وێنەیەکی جوانی کێشابوو، دەفتەرەکەی جوان ڕازاندبووەوە، سەرنجدانی زۆری ئەو وێنانە وەک هونەر کاریگەریی لەسەرم هەبوو، بەڵام کاریگەریی خێزانەکەم وەک دەنگ، یان موزیک، نەخێر نەبووە.

**ڕامان:** خاڵێک، مامێک، یان کەسێک لە گەڕەکەکەتاندا وەک هونەرمەند، یان لایەنگری هونەر

هەڵنەکەوتبوو؟

**خالید سەرکار:** نەخێر، لەناو خزمانیش نەبوو، بەڵام لە گەڕەکەکەماندا هەبوو، ئەو کاتە حەمەساڵح و قادر دیلان دوو برا بوون، لە تیپی مۆسیقای مەولەوی بوون، ئێمە تازە سەرمان هەڵدابوو، هونەرمەند فرەنسیس داوود یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەم، کە لە هەمان گەڕەک بووین، ئەو گەڕەکە پێیان دەوت گەڕەکی گاوران، ئێمەشماڵمان لەوێ بوو، ئیتر زۆرجار قادر دیلان و (حەمەساڵح دیلان)مان دەدی کە لە گەڕەکەکەی خۆمان دەهاتن و دەچوون، باوکیان مەلا ئەحمەدی دیلان بانگبێژی مزگەوت بوو، دەنگیشی خۆش بوو.

**ڕامان:** کەواتە لەو تەمەنەدا تۆ دەتزانی کە ئەمانە گۆرانی دەڵێن و دەنگ خۆشن و خەریکی هونەرن؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ بەڵێ، ئەوکاتە لە قوتاغی ناوەندی بووم.

**ڕامان:** گوێت لە دەنگیان گرتبوو؟

**خالید سەرکار:** گوێم لە دەنگیان گرتبوو، ئەو سەردەمە لە شاری سلێمانی زۆر بۆنە دەکرا، بەتایبەتی لە نێوان دوو پارتدا، کە زۆر ناسرا بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ حزبی شیوعی، ئەو کاتە عێراقی بوو، ئینجا ئەوانە بۆنەیان ساز دەکرد، بەتایبەتی ئاهەنگی نەورۆز، هەر یەکەیان لە شوێنێک، پارتییەکان دەیانبرد بۆ کاریزی وەستا شەریف، شیوعییەکان دەیانبرد بۆ تووی مەلیک.

**ڕامان:** ئەو ئاهەنگانەی نەورۆز ساڵی چەند ساز دەکران؟

**خالید سەرکار:** سەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ساڵی ١٩٥٨ بوو، لەو سەرەتا و کاتانەدا بوو، من زۆرجار شوێن ئەو دەنگە خۆشانە دەکەوتم، کە بۆنەکە ئەو جۆرە دەنگانەیان تێدابوو، دەچووم بۆ تووی مەلیک، بۆ لای حەمەساڵح دیلان و برایی خەیات، ئەمانە سەر بە حزبی شیوعی بوون، دەچووم بۆ گوێگرتن لێیان، جاری وابوو دەچووم بۆ کاریزی وەستا شەریف، بۆ گوێگرتن لە ئاهەنگی پارتییەکان، کە نزیکی ماڵی خۆمان بوو.

**ڕامان:** ئەو یادداشتانەی باوکت کە خوێندووتنەوە و لە پاڵیدا وێنەی بۆیان کێشاوە، ئەو وێنەکێشانە هیچ کاریگەریی بەسەرتەوە نەبوو؟ واتە بۆ لای وێنەکێشان ڕای نەکێشایت؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ ڕاستە، زۆر ڕاستە، من سەرەتا کە چوومە خانەی مامۆستایان لەوێ دەستم بە وێنەکێشان کرد، مامۆستای وێنەکێشان زۆر یارمەتیدام، لە بنەماڵەی خاڵ، عوسمان خاڵ، مامۆستای وێنەمان بوو، هەموو پێداویستییەکی دەدامێ، وێنەم بۆ دەکرد، کە وێنەکانمان تەواو کرد، پێشانگەمان کردەوە.

**ڕامان:** لەکوێ وێنەتان دەکێشا، لە قوتابخانە نیگارخانە (مەرسەم)تان هەبوو؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، مەرسەممان هەبوو، سەرەتا پێش موزیکەکە وەک وێنەکێشێک کارم دەکرد.

**ڕامان:** بۆچی لەسەر هونەری وێنەکێشان بەردەوام نەبووی؟

**خالید سەرکار:** لەبەر ئەوەی کە چاوم لێ کرد هەر لەو خانەی مامۆستایانە کە تازە چووبوومە ئەوێ، لە حەفتەیەکدا یەک وانەی موزیکمان هەبوو، سەرەتا مامۆستایەک هاتە ژوورەوە کەمانچەیەکی پێ بوو، یەکەم جار نەمدەزانی کەمانچەیە، تا بۆخۆی بۆی باس کردین، دوایی زانیم ئەو مامۆستایە، ولیەم یوحەننایە، ئەو بۆی باس کردین ئەم ئامێرە ئامێرێکی ڕۆژئاواییە، لە ئۆرکێسترا و لە تیپە مۆسیقاییەکاندا بەکار دێت، منیش لەسەر شانۆ بە قادر دیلان دیبووم، ئەوکاتەی کۆنسێرت بۆ خاڵە سێوە کرا ئەو ئامێرەی دەژەنی.

**ڕامان:** دیارە ئەوکاتە لە سلێمانی کۆنسێرتیان بۆ خاڵە سێوە ساز کردووە؟

**خالید سەرکار:** لە سلێمانی کۆنسێرتێکیان بۆ کرد، من ئەو کۆنسێرتەم لە یادە، بەرانبەر مزگەوتی گەورە کرا، کە ئێستا بووەتە کاسە مۆڵ، ئەوە پێشتر پەروەردە بوو، هۆڵی هەبوو، لەو هۆڵەدا موکەبەرەکان لە سەربان دانرابوون، دەنگی موکەبەرەکان درابوون بە سلێمانی، دیار بوو تیپی مۆسیقای مەولەوی خاڵە سێوەیان بانگ کردبوو، ئەو کۆنسێرتەیان بۆ کرد.

**ڕامان:** وەک بیستبێتت ئەو کۆنسێرتە تۆمار نەکرا؟

**خالید سەرکار:** ئاگام لێی نییە، من ئەوکاتە گەنجێک بووم، لە قۆناغی ناوەندی دەمخوێند.

**ڕامان:** مەرج نییە خۆت ڕاستەوخۆ زانیبێتت، دواتر لە ئەندامان و هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای (مەولەوی)ت بیستبێ، لەوانەیە گۆرانی تۆمار کراو و نەبیستراوی خاڵە سێوەی تێدا پێشکەش کرابێ، کە تا ئەمڕۆ پێی

ئاشنا نین.

**خالید سەرکار:** نازانم، ڕەنگە کۆنسێرتەکە لە لای تیپی مۆسیقای مەولەوی تۆمار کرابێت و مابێت، چونکە وەک ئاگادار بم تیپی مۆسیقای مەولەوی ئەوکاتە کۆمەڵێک هونەرمەند بوون، من زۆر پێیان سەرسام بووم، لەوانە: نەجاتی عەبدە، قادر دیلان، هادی عەمبەر، بەهجەتی سەعاتچی، حاتەمە ڕەش (حاتەم سەعید)، ئەمانە هەموویان موزیکژەن بوون و چەند گەنجێکی قۆز بوون، کە لە شاری سلێمانیدا هەڵکەوتبوون، حەزت دەکرد تەماشایان بکەی، هەم لە جوانیدا، هەم وەک هونەرمەند لە لای خەڵکی شتێکی غەریب بوون، ئەوانە هونەرمەندی ڕاستەقینە بوون و زۆرجار لە یانەی فەرمانبەران کۆنسێرتیان دەکرد، جارێکیان لە دوای لافاوەکەی سلێمانی کۆنسێرتیان کرد، ولیەم یوحەنناشیان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** ئەی دواتر کە لە خانەی مامۆستایان هاتیتە دنیای مۆسیقاوە، ئەوە چۆن بوو؟

**خالید سەرکار:** دوای ولیەم یوحەننا، مامۆستایەکی ترمان بۆ هات، ناوی حازم حەداد بوو، ئێستا لە ئەمریکا دەژی، ئەویش ژەنیاری عود بوو، قانوونیشی لێدەدا، مامۆستایەکی زۆر باش بوو.

**ڕامان:** ئەمە لێرە ڕادەگرین، دوایی دێینەوە سەری، پێم خۆشە درێژە بەو باسە بدەیت، لە بارەی ئەو نەورۆزانەی لێرە کراون کە تۆ بە مێردمنداڵی و لاویتی گوێت لێ گرتوون، قسەمان بۆ بکەیت.

**خالید سەرکار:** هەر گوێ گرتن و تەماشاکردن بووە، کە نەورۆزەکانیان دەکرد، وەک حەمە ساڵح دیلان لە بیرەوەرییەکانی خۆی باسی دەکات، ئەو ئاوازی بۆ شیعری نەورۆز داناوە و لە ئاهەنگی نەورۆزێکدا لە تووی مەلیک وتوویەتییەوە، شیعرەکەی هی پیرەمێردە، لە کاریزی وەستا شەریفیش هەمان دەستوور، ئەم ئاهەنگی نەورۆزانە دەکران، ئەو ڕێچکەیەی کە پیرەمێردی نەمر دایناوبوو بەردەوام بوو، لێرەدا مەبەستم چییە؟ دەمەوێ بڵێم شاری سلێمانی، شارێکە بە بەردەوامی چالاکیی هونەریت بە چاوی خۆت تێدا دەبینی، وەک گەنجێک ئەمە کاریگەریی لەسەر من بووە، بڵێم نەیبووە، هەیبووە.

**ڕامان:** لەم تەمەنەتدا، لە کاتی سەردانی ئاهەنگەکان،



**سلێمانی، ساڵی ١٩٧١، کافتیی تارا، سەرووی سینەما ڕەشید، هەموو شەوانی سەری ساڵ ئاهەنگی خێزانیی تێدا دەکرا. شەماڵ سائیب لەو ئاهەنگانەدا بەشدار دەبوو، خالید سەرکار لەم ئاهەنگەدا ئامێری جونبوشی ژەنیوە.**

یان لە شوێنی دی، ڕێکەوتی هونەرمەندانی شاری سلێمانیت نەدەکرد؟

**خالید سەرکار:** من کاتی خۆی کە لە قوتابخانە تەواو دەبووم، بەرانبەر دوکانەکەی بەهجەتی سەعاتچی لە شەقامی مەولەوی هەموو هاوینێک دەچووم بۆ ئیشکردن، بۆ ئەوەی بژێوی خۆم بۆ پێداویستیی قوتابخانە دابین بکەم، بە ڕێکەوت بەرانبەر دوکانەکەی بەهجەتی سەعاتچی بووم بە شاگرد چایچی، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لەوێ بووم بە چایچی، یەکێک لەو دوکانانەی چاوم لێ دەکرد و حەزم دەکرد چایان بۆ بەرم، دوکانەکەی بەهجەتی سەعاتچی بوو.

**ڕامان:** تۆ لە دوورەوە دەتناسین کە ئەوانە هونەرمەندن؟

**خالید سەرکار:** لە دوورەوە دەمناسین، کە ئەوە قادر دیلانە، حەمە ساڵح دیلانە، یان ئەوە نەجاتی عەبدەیە، حاتەم سەعیدە، بەهجەتی سەعاتچییە، دەمزانی کە ئەمانە گرووپێکیان بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی هەیە و کاری هونەری دەکەن.

**ڕامان:** لەو کاتەی کە نەورۆز دەکرا و ئاهەنگی پارتی و شیوعی هەبوو، بۆ هەردووکیان ئامادە دەبووی؟

**خالید سەرکار:** ئەو سەردەمە لە ساڵی ١٩٥٨ تازە شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم بەرپا بووبوو، برایمی خەیات گۆرانییەکی نوێی تۆمار کردبوو، لە پێشی پیکابێک وەستا بوو، ئەو گۆرانییەی دەوتەوە، قەرەباڵغی دروست بووبوو، ئەو دەنگ و میلۆدییە ڕایکێشام، بە ڕاکردن

چوومە لای پیکاب و قەرەباڵغییەکە و گوێم لێ گرت، کە چووم بۆ تووی مەلیک لەوێ، ئەو میلۆدییەی وتەوە، گۆرانییەکەی دەڵێ"ماوە نادرێ کلکی لە ناوەڕاستیان ئیستیعمار/ جووڵەجووڵ بکات لەناو میللەتا"، باسی برایەتیی کورد و عەرەبی دەکرد، بەهۆی ئەوەی شۆڕشەکە ڕووی دابوو، ئیتر بەسەر شۆڕشەکەدا هەڵیدابوو، میلۆدییەکەی میللییە، ئێستا ئەم دێرانەی شیعرەکەم هەر لە یادە، مەبەستم دەنگە، دەنگەکان سەرنجی ڕادەکێشا، دەچووم لە دوورەوە سەیرم دەکردن، یان جاری وا هەبوو دەچوومە کارێزی وەستا شەریف.

**ڕامان:** کەواتە ئامانجی تۆ لە ئامادەبوون لەو ئاهەنگانەدا تەنیا لایەنی هونەری و گۆرانییەکان بووە؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئەوە زیاتر سەرنجی منیان ڕادەکێشا.

**ڕامان:** لایەنە سیاسییەکەت ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو؟

**خالید سەرکار:** نەوەڵڵا، ئەوانەم لەلا گرنگ نەبوو، زۆر گوێشم لەوانە نەدەگرت، تەنیا مەبەستم ئەو دەنگانە بوو، کە لەو ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەدا پێشکەش دەکران.

**ڕامان:** بچینەوە لای ئەوەی کە لە هاویندا بوویتە شاگرد چایچی و بەهۆی ئەو شاگردییەوە برادەرانی تیپی مۆسیقای مەولەویت لە نزیکەوە ناسی.

**خالید سەرکار:** برادەرانی تیپی مۆسیقای (مەولەوی)م لەوێ ناسی، بەهۆی ئەوەی لە شەقامی مەولەوی دوکانێک، بەرانبەر چایخانەکەی ئێمە هەبوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە تۆ بووبوویتە پۆلی چەند؟

**خالید سەرکار:** ئەو کاتە من تازە سێی ناوەندیم تەواو کردبوو، حەزم دەکرد بڕۆم بۆ چوار، خوێندنی کۆلێژ تەواو بکەم، بیرم لە خوێندن دەکردەوە، بەڵام باوکم وەفاتی کردبوو، هەر دایکم بوو سەرپەرشتیی دەکردین، بیرم کردەوە من براکانم لە خۆم بچووکترن، دوو خوشکم لە خۆم گەورەتر بوون، بژێوی خۆم و ئەوانە وایان لێ کردم پەلاماری کۆلێژ نەدەم و نەچم بۆ بەغدا، هەرچەندە لە قوتابخانەدا زیرەک بووم، بۆیە چوومە خانەی مامۆستایان.

**ڕامان:** باسێکی قۆناغی سەرەتاییمان بۆ بکە، لە ڕووی هونەرییەوە لە سەرەتایی مامۆستایەک هەبوو هانی تۆی دابێ؟

**خالید سەرکار:** لە سەرەتایی نەخێر، چونکە من لە بواری هونەریدا دەرنەکەوتبووم، بەڵێین دەنگم خۆش بوو بێت، تا بێن من دەربێنن، یان لە کۆرسدا دامبنێن، نەخێر من هیچ یەکێک لەمانە نەبووم، بەڵام لە قوتابخانەی کانێسکاندا ئەو دەنگانە و ئەو کۆرسانەم گوێ لێ بووە، یان ئەو میلۆدیانەی بەهۆی ڕادیۆوە لە جادەوباندا کە دەڕۆیشتی گوێت لێ دەبوون، ئەمانە هەمووی سەرنجیان ڕاکێشابووم، بەڵام ئاشنایەتی تەواوی من لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لە بەرانبەر دوکانەکەی بەهجەتی سەعاتچی کاری چایچێتیم کرد، هونەرمەندەکان لەوێ دادەنیشتن.

**ڕامان:** بۆ دۆزینەوەی بەهرەی هونەریت، کاریگەری ئەو ئاشنایەتییەت لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە چ بوو؟

**که دەنگێک دەهاتە ناو تیپی مۆسیقای سلێمانی، نەک کەسێک و دوو کەس، لیژنەیەک گوێمان لێ دەگرت.**

**خالید سەرکار:** ئێستاش لەیادمە، زۆرجار کە چام بۆ دەبردن، باسی مەقامیان دەکرد، من نەمدەزانی مەقام چییە، باسی ڕیتمیان دەکرد، کە بە دەست دەیاندا بە مێزەکەدا، لێیان دەدا و دەیانوت ئەمە ئەو ڕیتمەیە، لەگەڵ ئەوەدا من زۆرجار کە چایەکەم بۆ دادەنان، ئەوان هەر ئاگایان لە من نەبوو، کە گوێم لێ دەگرتن، لام غەریب بوون، دەموت ئەمانە باسی چی دەکەن، بەڵام لەلام خۆشیش بوو، کە گوێ بگرم و لەلایان بووەستم، ئەمە تەنیا وەک گوێگرتن بوو.

**ڕامان:** کە لەلایان دەمایتەوە و دەوەستایت، پێیان ناخۆش نەبوو؟

**خالید سەرکار:** نا نا، هەر نەشیاندەزانی من هاتووم، چایەکەم لەبەردەمیان دادەنا، خواخوام بوو زوو نەیخۆنەوە، یان وەستاکەم بانگم نەکات و پێم بڵێ وەرەوە چا بۆ شوێنێکی تر بەرە.

**ڕامان:** لەوکاتەدا کە ئەو هونەرمەندانەی تیپی مۆسیقای (مەولەوی)ت ناسی، یان دوای ناسینیان هیچ ڕێک نەکەوت ئاهەنگێک، کۆنسێرتێک بکەن و تۆ لەوێ ئامادە بیت؟

**خالید سەرکار:** لەو ساڵانەدا کۆنسێرتێک بۆ خاڵە سێوە کرا، ئەو گرووپە لە شەستەکاندا بۆیان کرد، من

ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بووم.

**ڕامان:** ئەو کۆنسێرتە پێش ئەوە بوو کە خاڵە سێوە بچێت بۆ ئێستگەی کوردی لە بەغدا؟

**خالید سەرکار:** وابزانم چووبوو، ئاخا چووبوو، ئەمەی دووبارە کردنەوە بوو، کۆنسێرتێک بوو لە شاری سلێمانی کردی، تیپی مۆسیقای مەولەوی بانگیان کرد، تەنانەت ساڵی ١٩٥٧ من دە ساڵان بووم، لافاوێک لە شاری سلێمانی ڕووی دا، ئەو لافاوە زۆر زەرەر و زیانی لێ کەوتەوە، بۆ لێقەوماوانی ئەم شارە، ئەو تیپە کۆنسێرتیان کرد، تا بەو هۆیەوە کۆمەکیان بۆ کۆ بکرێتەوە.

**ڕامان:** ئەوەندەی زانیاریم هەیە ئەو تیپە چووبوون بۆ زۆر شاری تریش، تا کۆنسێرت بکەن و کۆمەک کۆ بکەنەوە.

**خالید سەرکار:** بەڵێ، چووبوون بۆ هەڵەبجە، پێنجوێن، کۆیە، ئەو پارە و پوولەی دەستیان کەوتبوو، خەڵکەکە بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان دەیاندانێ، ئەمانیش کۆنسێرتێکیان بۆ دەکردن، ئەو کۆنسێرتەی من باسی دەکەم بۆ لێقەوماوانی شاری سلێمانی بوو.

**ڕامان:** لە قۆناغی سەرەتایی، ئەو سروودە کوردییانەی خوێندووتانن و مامۆستایان ئێوەیان پێ گۆش کردوون و فێری بوون، ناویانیانت لەبیر ماوە؟

**خالید سەرکار:** سروودەکانم لەیادە، بەتایبەتی ئەوانەی مامۆستا مستەفا عەبدولڕەحمان پێی دەوتین، کە دەرچووی پەیمانگا بوو، دواییش کە چوومە چالاکیی قوتابخانەکان بووم بە هاوڕێی، چونکە ئەویش لەوێ بوو، بەڵام ئامێری مۆسیقای پێ نەبوو، بە ڕاستەیەک لەسەر مێزەکە تەنیا ڕیتمەکەی بۆ دەوتین، سروودەکان "خوایە وەتەن ئاوا کەی"، "شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە"، "وا وەتەن خەمڵیوە"، "ئەی ڕەقیب" و ئەو سروودانە بوون، ئەو سەردەمە مەنووعیش نەبوون، کە بەعسییەکان هاتن مەمنووعیان کردن، وانەکە ناوی سروود بوو، ئیتر ئەم سروودانەمان دەخوێند، خۆشت دەزانی یادەوەری منداڵ زۆر باشە، ئەو سروودانەم تا ئێستا هەر لەیادە، کە مامۆستا مستەفا عەبدولڕەحمان بە ڕاستەیەکەوە لە پۆلەکەدا پێی دەوتین.

**ڕامان:** ئەی لە پاڵ سروود، شیعری نیشتمانی و سیاسی و نەتەوەیی هەبوو؟ شیعریان پێ دەوتن؟

**خالید سەرکار:** بێ گومان لە وانەی خوێندنەوەی کوردی و ئەدەبدا هەبوو، وانەی کوردی شیعری تێدا بوو، شیعری شاعیرە بەرزەکانی کورد، وەک گۆران و ئەحمەد هەردی و مەولەوی و جزیری و ئەمانەشیان پێ دەوتین.

**ڕامان:** پێم خۆشە باسی مامۆستای ئەلف و بێی کوردیی خۆتمان بۆ بکەی، کە یەکەم جار ئەلف و بێی کوردی پێ وتووی، ئەوانە زۆرجار لەپاڵ وتنەوەی وانەکە و بۆ خۆشەویستکردنی زمانی کوردی، شیعری کوردی و شیعری نیشتمانییان فێری قوتابییان دەکرد.

**خالید سەرکار:** دوو کەس وەک مامۆستا لە خەیاڵم ماون، یەکیان فەتاح ئاغایە (فەتاح محەمەد ئەمین ئاغا)، مامۆستامان بوو، من لە چواری سەرەتایی بووم، ئەو کوردیی پێ دەوتین، بەڵام وانەکەی کردبوو بە وانەی کوردایەتی، باسی ئەو شیعرە کوردییانەی بۆ دەکردین، کە چۆن ئەم شاعیرانە بۆ خۆشەویستیی نیشتمان و کورد نووسیویانن، وەک لە یادمە دەیوت ئەو کەسانە لە لایەن ڕژێمەکانەوە زۆر ئازار دراون، نینۆکیان دەردەهێنان، دەستی خۆی درێژ دەکرد و دەیوت کوڕینە، منداڵینە، ئەو دوژمنانە بە پلایس و بە گاز ئەم نینۆکانەیان دەردەهێنان، لەبەر ئەوە ئەم شیعرە جوانانەیان نووسیوە، کە چوومەماڵەوە، بۆ دایکم گێڕایەوە، وتم دایکە مامۆستایەکمان بۆ هاتووە، ئاوا باسی کوردایەتی بۆ کردین، وتی ناوی چییە؟ وتم مامۆستا فەتاحی ناوە، بەڵام پێی دەڵێین فەتاح ئاغا، دوایی لە ساڵی ١٩٧٤ لە مەریوان دیمەوە، پێم وتەوە، وتم مامۆستا تۆ شتێکی وات بە من وتووە، من قوتابی تۆ بووم، پێکەنی.

**ڕامان:** ساڵی چەند مامۆستاتان بوو؟

**خالید سەرکار:** ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لە خوێندنی بنەڕەتیدا بووم، هێشتا شۆڕشی تەمموزی عەبدولکەریم قاسم بەرپا نەکرابوو، لەو سەردەمانە بوو، کە لە قوتابخانەیەکدا بووین ناوی عەبدولئیلاه بوو.

**ڕامان:** وابزانم هەر خۆیشی ئەلف و بێی کوردیی پێ دەوتن؟ لە وتنەوەی ئەلف و بێدا مامۆستایەکی سەرکەوتوو بوو؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، هەر بۆ خۆی ئەلف و بێی پێ دەوتین، مامۆستایەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، ماوەیەکی کورت لەلامان مایەوە، ئیتر ڕۆیی و نەمانبینییەوە، من ئەوسا نەمدەزانی خەریکی چییە، تومەز خەریکی

سیاسەت بوو.

**ڕامان:** دوای ڕۆیشتنی فەتاحاغای مامۆستات، مامۆستای دووەم کە هاتە لاتان و سەرنجی تۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کێ بوو؟

**خالید سەرکار:** ئەم جارە لە خانەی مامۆستایان بووین، مامۆستای دووەم، مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم بوو، ئەو مامۆستایەکی کوردیبێژی زمانپاراو بوو، ئیتر خوا خوای بوو پرسیاری لێ بکەین، بمانپرسیبایە مامۆستا ئەم وشەیە کوردییە، یان کوردی نییە؟ زۆر حەزی لەمانە بوو، بۆ نموونە دەمانوت مامۆستا زەردەواڵە لە چییەوە هاتووە؟ دەیوت کوڕم زەرد و ئاڵ، زەردەواڵە، زەرد و ئاڵە، لەو بابەتانە وشەی بۆ شی دەکردینەوە، قسەکانی زۆر خۆش بوون، ئیتر ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیی فێر دەکردین، خۆیشی شیعری منداڵانی دەنووسی، بەڕاستی کاریگەریی زۆری لەسەرمان هەبوو، وانەکەی وانەیەکی خۆش بوو، لەگەڵ وانەی مۆسیقا، ئەو دوو وانەیەمان زۆر لەلا خۆش بوون.

**ڕامان:** وانەی مۆسیقا کێ پێتانی دەوتەوە؟

**خالید سەرکار:** مامۆستا ولیەم یوحەننا بوو، یەکەم جار لە خانەی مامۆستایان هاتە ژوورەوە سەرنجی ڕاکێشام. من کە سێی ناوەندیم تەواو کرد، نمرەیەکی زۆر باشم هێنا، وتم بڕۆم بۆ خوێندنی کۆلێژ و تەواوی بکەم، لەگەڵ ڕەفیقێکمدا بووم، دکتۆر فەرەیدوون، ئەو دکتۆراشی تەواو کرد و بوو بە عەمیدی کۆلێژی ئەندازیاری.

**ڕامان:** فەرەیدوون کێ، ناوی باوکی چی بوو؟

**خالید سەرکار:** فەرەیدوون هادی، بەڵام ئێستا لە ژیاندا نەماوە، وتی تۆ کەسێکی زیرەکی، لە ناوەندی دەرست بە من دەوتەوە، با بڕۆین خوێندنەکەمان تەواو بکەین. منیش دڵنیا بووم دەردەچم، دڵنیا بووم سەرکەوتوو دەبم، چونکە زۆر حەزم لە خوێندن بوو، بەڵام کە چاوێکم بە خێزانی خۆماندا گێڕا، لەو بارودۆخەدا دایکم، دوو خوشکی لە خۆم گەورەتر، دوو برام هەیە، هەردووکیان عومەر و عوسمان بچووک بوون، وتم باشتر وایە من خوێندنەکەم بەخێرایی تەواو بکەم و دەستم لە مووچەیەک و بژێوییەک گیر بێت، ئەوە بوو چوومە خانەی مامۆستایان، زۆر چاک لەبیرمە (محەمەد حەویز)ی خەڵکی کۆیە، بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان بوو، کە نمرەکانی بینیم، وتی کوڕم تۆ بۆ هاتووی بۆ ئێرە، بۆ نارۆی بخوێنی؟ وتم مامۆستا گیان، وەزعییەتەکەم ئاوایە، لەبەر ئەوە هاتووم، وتی یاخوا بەخێر بێی، ئیتر سێ ساڵ لەوێ خوێندم.

**ڕامان:** وابزانم لەگەڵ (فرەنسیس داوود)ی هاوڕێت پێکەوە چوونەتە خانەی مامۆستایان؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئەو ساڵە لەگەڵ هونەرمەند فرەنسیس داوود بەیەکەوە چووینە خانەی مامۆستایان.

**ڕامان:** لە خانەی مامۆستایان کەی بەلای مۆسیقادا چووی؟

**خالید سەرکار:** لە ساڵی دووەمەوە چووم بەلای مۆسیقاوە، دوا ساڵ بووم بە دووەمی پۆلی سێ، یەکەمەکە کوڕێکی هەڵەبجەیی بوو، واتە نەک هەر لە مۆسیقاکەدا، بگرە لە هەموو وانەکانی تریشدا سەرکەوتوو بووم، بەڵام ئەوکاتەی من چووم ئەنوەر قەرەداغی و محەمەد ئەمین حسێن لە پۆلی سێ بوون، من و فرەنسیس داوود لە یەک بووین.

**ڕامان:** خوێندنەکەتان لە کوێ بوو؟

**خالید سەرکار:** قوتابخانەکە، یان خانەی مامۆستایان هەر لە سلێمانی لە گەڕەکی خۆمان بوو، کە چووینە خانەی مامۆستایان (ئەنوەر قەرەداغی)مان لەوێ ناسی کە خەریکی مۆسیقا بوو، ژووری مۆسیقا هەبوو، خەریکی ژەنین بوو، لە پەنجەرەکەوە بۆمان هەبوو سەیر بکەین و بزانین کێیە و کێ نییە، بینیمان کۆمەڵێک لە ژوورەوە خەریکی ژەنینن.

**ڕامان:** ئەوانە کێ فێری کردبوون و سەرپەرشتی دەکردن؟

**خالید سەرکار:** هونەرمەند ولیەم یوحەننا، ئەو مامۆستای مۆسیقامان بوو، ئێمە بۆمان هەبوو هەر لە دوورەوە سەیریان بکەین، ئەوە بوو فرەنسیس داوود بە مامۆستا ولیەم یوحەننای وت کە خۆیان مەسیحین، پێی وت ئێمەش حەزمان لە مۆسیقایە، چی بکەین؟ وتی یەکەم شت دەبێ خۆتان ئامێرێکی مۆسیقا هەڵبژێرن و هەتانبێت، فرەنسیس داوود برایەکی هەبوو، ناوی فەرید بوو، ئێستا نەماوە، لە کۆلێژ بوو، سەفەرێکی بۆ بەغدا کرد، لەوسەرەوە کە گەڕایەوە دوو کەمانچەی بۆ هێنابن، یەکی بە دە دینار کڕیبوو، کە ساڵی دووەم هاتینەوە خانەی مامۆستایان، مامۆستا ولیەم یوحەننا نەقڵ

بووبوو، مامۆستا حازم حەداد، کە خەڵکی مووسڵ و بە ڕەچەڵەک کورد بوو، لە بنەماڵەی حەددادەکان بوو، ئەوانە لە مۆسیقای عێراقیدا بەناوبانگن، سۆلاف، پارچە مۆسیقایەک بوو، ئەو دایینابوو، دواتر بوو بە ناوی پارچە مۆسیقایەکی کوردیی جوان، وەک مۆسیقا ئێمە لەبەرمان کردبوو، دوای مامۆستا ولیەم یوحەننا ئەم مامۆستا حازم حەدداده هات و وانەی مۆسیقای پێ وتین.

**ڕامان:** کەواتە فریا نەکەوتن مامۆستا ولیەم یوحەننا وانەتان پێ بڵێت؟

**خالید سەرکار:** ئەلف و بێ و سەرەتاکانی مۆسیقای پێ وتین، هەرچەند ئەو بۆ قوتابخانەیەکی تر ڕۆیشتبوو و لەلای ئێمە نەمابوو، بەڵام پێمان لێ نەدەبڕی، لەگەڵ فرەنسیس داوود هەمیشە دەچووین بۆ ماڵیان و وانەی زیاترمان لێ وەردەگرت، بۆ؟ چونکە نۆتەی دەزانی، مامۆستا حازم حەدداد نۆتەی نەدەزانی، هەر بە سەماعی مۆسیقای فێر دەکردین.

**ڕامان:** ئێوە بەم هاتوچۆیەتان فێری نۆتە بوون؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، فێری نۆتەی کردین، بەڵام هەر بەوەش نەوەستاین، سەیرمان کرد مامۆستا ولیەم یوحەننا کەمتر شتی پێیە، دەمانبیست پیاوێک ناوی شەوکەت ڕەشیدە و لە کەرکوک دەژی، دەچووین بۆ لای ئەو، شەو دەبووین بە میوانی، پێمان دەوت ئێمە هاتووین بۆ ماڵی تۆ هەندێ زانیاری هونەریمان بدەیتێ، دەیوت یاخوا بەخێر بێن. پێمان دەوت حەز دەکەین تۆزێک لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و گۆرانییە بیانییەکان و ڕیتمەکان بزانین، ئەویش زۆر زانیاری پێ دەوتین.

**ڕامان:** دەڵێن نالی کە شاعیرێکی گەورەیە، لە ڕۆژگاری خۆی لە کوێ مەلایەکی زیرەک هەبووبێ، رووی لەوێ کردووە و هەوڵی داوە لێیەوە فێر بێت، ئێوەش لە بواری مۆسیقادا لە کوێ زانیبێتتان شوێنێک کەسێکی خاوەن زانیاری لێیە و شارەزایە، ڕووتان تێ کردووە، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی شاری سلێمانیش بووبێ.

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئەوکاتە شاری سلێمانی پەیمانگای هونەری تێدا نەبوو، کەسانی شارەزای تێدا نەبوو، لە مامۆستا ولیەم یوحەننا بترازێ، کەسی تر نەبوو، قادر دیلان و ئەمانە نۆتەیان نەدەزانی و خەریکبوو وازیشیان دەهێنا و بەرەو ئەورووپا دەڕۆیشتن، ناچار بووین هانا بۆ هونەرمەندە عەرەبەکان بەین، بۆ نموونە بەهۆی فیستیڤاڵێکەوە یەکێکم لە ئۆرکێسترای نیشتمانی عێراق ناسی، جاران لە بەغدا ئۆرکێسترایەکی گەورە هەبوو، لە سەدا نەوەدی ژەنیارەکانی، بە ڕابەرەکەشییەوە، ئەوەی مایسترۆ بوو، بێگانە بوون.

**ڕامان:** ئەوەی ناسیت ناوی چی بوو؟

**خالید سەرکار:** ئەوەی ناسیم ناوی ئەنوەر ساڵح بوو، ژەنیاری ترامپێت بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام لە بەغدا دەژیا، ئەو کاتە (تیپی مۆسیقای سلێمانی)مان هەبوو، لە بەغدا لە فیستیڤاڵی یادی یەکەم ساڵی جاڕدانی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار، کە ساڵح یووسفی دەعوەتی کردبووین، ساڵی ١٩٧١ ئەو (ئەنوەر ساڵح)ەم لەوێ ناسی. بۆ تەئکیدی قسەکەی تۆ کە چۆن شارەو شارمان کردووە، جارێک من و ئەنوەر قەرەداغی و برادەران لەسەر ئامێرەکەی خۆمان کەمانمان دەژەنی و مەشقمان دەکرد، گەیشتینە جوولەیەکی نۆتە، کە بە ئینگلیزی باس کرابوو، بەڵام نەماندەزانی چۆن جێبەجێی بکەین، نازانم چۆن بە خەیاڵمدا هات، وتم کاکە سەرو ڕوبعێکم بدەنێ، پێنج شەش کەس بوون، پێنج شەش ڕوبعم لێ سەندن، وتم من وەڵامەکەتان بۆ دێنمەوە، ئیتر سواری پاس بووم و چووم بۆ بەغدا، شەوێک لە هوتێل خولد مامەوە، بۆ بەیانی چووم بۆ ئەو ئۆرکێسترایە.

**ڕامان:** لە بەغدا چوویتە لای هاوڕێکەت لە تیپی ئۆرکێسترای عێراق؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، کە چوومە ئەوێ، ئەنوەر ساڵح لە ئورکێستراکە بوو، عەزفی دەکرد، دانیشتم تا عەزفەکەیان تەواو بوو، هات بۆ لام، وتی کاک خالید خێرە هاتووی؟ کتێبەکەم لەگەڵ خۆم بردبوو، وتم ئەم جوولەی کەمانەمان هەیە، نازانین چۆن عەزفی بکەین. بردی بۆ مایسترۆکە، مایسترۆکە بانگی کردم، تۆقەی لەگەڵ کردم و وتی ئەوە تۆ لە کوێوە هاتووی؟ وتم لە سلێمانی. وتی سلێمانی لە کوێیە؟ بۆم باس کرد. وتی لەو دوورەوە بۆ ئەم پرسیارە هاتووی؟ وتم ئەرێوەڵڵا.. بە یەکێک لە ژەنیارە بێگانەکانی کەمانی وت، ئادەی لەبەرچاوی خۆی ئەوەی بۆ عەزف بکەن. نۆتەکەی دانا و بۆیان عەزف کردم، جارێک، دوو جار، سێ جار، ئینجا دایە دەستم وتی عەزفی بکە، جارێک هەڵەم کرد، دووان، سێیان، دواجار هەڵەکەم چاک کرد و فێری بووم. وتی زۆر چاکە، ئیتر من گەڕامەوە سلێمانی، برادەرەکانی

خـۆم کـۆ کـردەوە، وتم ئەم حـەرەکـەتە ئاوا لێ دەدرێت. مـەبەسـتم لەمـە چی بوو؟ ئێـمـە ئاوا بەدوای پرسـیـاردا دەچووین و لە گەڕاندا بووین. ئەگەر لە بەغـدا خولێکی هاوینە بکرایەتەوە، کە مـامـۆسـتـایانی پەیمانگای هونەرە جـوانەکـان لە بەغـدا، لە پەیمانگای هونەرە جـوانەکـان دەیانکردەوە، کە مـامـۆسـتـایـان: ئارام بابۆخیـان، حسـێن قەدووری و ئەمانە بۆمـانیـان دەکردەوە، ئێـمە بەشداریمان تێدا دەکرد. سـاڵێکیـان لەگەڵ مـامۆسـتـا ولیـەم یوحەننا چووین و بەشـداریمان کـرد، یەک مـانـگ و نیـو لە هوتێل پێکەوە بووین.

**رامان:** ڕێکەوتووە بۆ ئەم خولانە (فرەنسیس داوود)ی هاوڕێشت لەگەڵ بووبێ؟

**خالید سەرکار:** نانا، بەڵام ئەو سـاڵێک پێش ئێـمـە چووبوو، سـاڵی دووەم من و دلێر ئیـبـراهیم چووین، ئەو خولانەش بۆ ئێمە پتر بۆ زیادکردنی زانیاریمان بوو.

**رامـان:** سـوود وەرگـرتنەکـە لە ڕووی ڕۆشنبـیـریی مۆسیقاییەوە، یان لە ڕووی تەکنیکی ژەنینەوە بوو؟

**خالید سەرکار:** لە ڕووی ڕۆشنبیریی مۆسیقاییەوە، لە ڕووی ژەنـین، تەکـنـیـک، تەئلـیـف، هەروەهـا لـە ڕووی دابەشکردنی ئامـێـرەکـانی مـوزیکەوە بوو، لە هەمـوو ڕووەکـانەوە سـوودمـان لێ وەردەگـرتن، بۆ ئەوەی بواری هارمۆنی بۆ میلۆدییەکان بەکار بێنین، زۆر سوودمـان لەو مامۆستایانە وەردەگرت، ئێمە ئاوا پێ گەیشتین، چونکە ئەکادیمیا، یان پەیمانگامان نەخوێندبوو.

**رامـان:** کـە تۆ ئەو سـەردانانەی بەغـدات دەکـرد، لە خانەی مامۆستایان دەرچووبوویت؟

**خالید سەرکار:** ئەو کـاتەی سـەردانی بەغـدام دەکرد بووبووم بە مـامـۆسـتـا، دوای خوێندنی سێ سـاڵ، خانەی مـامۆسـتـایانم تەواوم کردبوو، خۆشترین شت کە لە بیرم مـابێـت، ئەوەبوو ئاهەنگێکمـان بە بۆنەی دەرچوونمانەوە سازکـرد، ئەو کـاتە موتەسـەریفی سلێـمـانی هەبوو، نەک مـوحافـز، بۆ ئاهەنگەکەمـان بانگمـان کرد، ناوی کـەریم قـەرەنی بوو، خـەتیـبـی سلێـمـانیش کـە برای ئەنوەر قەرەداغی بوو، ئەویش بانگ کرابوو، من کەمانم لێدەدا، فرەنسیس داوود کەمانی لێدەدا، جان تۆماس کە ئێـسـتـا لە هەولێر دەژی، ئەویش لە سلێمـانی لە ماڵی هونەرمەند ولیەم یوحەننا بوو، لە لای ئێمە دەیخوێند، لەگەڵ ئێمە قوتابی بوو، ئەویش کەمانی لێدەدا.

**رامان:** قوتابی چ قۆناغێک بوو؟

**خالید سەرکار:** ئەویش لە خانەی مامۆستایان هاوپۆلی ئێمە بوو، کە ئاهەنگی دەرچوونمان کرد، جان تۆماس وتی حەز دەکەم لەگـەڵتـان بم، کـە ئەویش کـەمـانی پێ بوو، مـامـۆسـتـا حـازم حـەدداديش کە سـەرپەرشـتـیی دەکـردین عوودی لێدەدا.

**رامان:** لە ئاهەنگی دەرچوونتان چیتان پێشکەش کرد؟

**خالید سەرکار:** میلۆدییەکان کە لە شاری سلێمانیدا باو بوون، هەر ئەوانەمان پێشکەش کرد، میلۆدی عەرەبی زۆر هەبوو، چ لە سرووده عـەرەبییـەکـان و چ لە مـیـلۆدییـە عـەرەبییـە مـیـسـرییـەکـان، هەروەها گۆرانیی هیندیش باو بوو، بە هۆی ئەو فـیـلـمـە هیـندییـانـەی وەک سـەنگام و ئەوانەوە، کـە گـەیشـتـبـوونـە شاری سلێـمـانی، گەنجـەکان هەمـوو لەبەریان بوو، خـۆمـان لەبەرمـان بوون، لەخـۆوە حـەزمـان لێ دەکـردن و لاسـاییـمـان دەکـردنەوە و لێـمـان دەدان، لە زۆربەی بۆنەکـانـدا لێـمـان داونەتەوە، لەیادمـە هێـشـتـا (تیـپـی مـۆسـیـقـای سلێـمـانی)مـان دروست نەکردبوو، هاوینان لە بینای چالاکیی قـوتابخانەکـان کۆ دەبووینەوە، مـامـۆسـتـا ولیـەم یوحـەننا خـولی ئیـزافی بۆ دەکـردینەوە و نۆتەی زیاتری بۆ دەهێنایـن، بە ڕۆژ زیاتر مەشقمان دەکرد بۆ ئەوەی دەست و پەنجەمان باشتر بێت.

**رامان:** لەو سـەردەمەدا ئێـوە نۆتەتان لە کـوێ بەدەست دەهێنا؟ چۆن نۆتەتان دەست دەکەوت؟

**خالید سەرکار:** نۆتەمـان دەست دەکەوت، هونەرمـەند شـەوکـەت ڕەشـیـد، نۆتەی بۆ دەهێنایـن، چونکە لە تیـپی مۆسـیـقـای سەربازی بـوو، لە جازی مۆسیـقـا شارەزا بوو، زۆر نۆتەی مـۆسـیـقـای سـەربازی و جـازی ئەورووپایی و ئەمریکی بۆ دەهێنایـن، هونەرمەند ولیەم یوحەننا ئەوانەی کە هەیبوون بۆی دەهێنایـن، ئێـمـەش هەموومـان کـتـێـبـمـان لەملاو ئەولا دەست دەکەوت، برادەرێکمـان کە دەرۆیشت بۆ ئەورووپا، پێـمـان دەوت ئەو فلانە کـتـێـبەمـان بۆ بێنە، فـلان نۆتەمـان بۆ بێنە، داوای بۆن و کـراس و شـتـمـان نەدەکرد، داوای ئەو شتانەمان دەکرد، کە بۆمانی بێنێ.

**رامان:** وەک زانیـومـانە لە سلێـمـانی بۆ یەکـەم جـار ئاهەنگتـان بۆ نەخـۆشـەکـانی نەخـۆشـخـانەی گـشـتـیی سلێمانی ساز کردووە، ئەمەیان چۆنە؟

**خالید سەرکار:** لە چالاکیی قوتابخانەکان پرۆڤەمان دەکـرد، نەمانزانی دەنگمـان چۆتە دەرەوە و گەیشـتـووەتە

سەر جادەکە، چالاکیی قوتابخانەکان، لە خوار نەخۆشخانەی گشتی ئێستا بوو، خوار سجنەکە، کە ئێستا شوێنی پارکی دایکە، کاتێکمان زانی یەکێک لێمان هاتە ژوورەوە، لەیادمە پیاوێکی ئەفەندی سەر رووتاوەی کورتە باڵا بوو، وەستا و وتی (سلام علیکم، آني دکتور کريم الرکابي)، زۆر چاک ئەو ناوەم لەبیرە، وتی ئەو مۆسیقا و ئاوازانەی ئێوەم کە گوێ لێبوو زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە هاتمە ژوورەوە، بیرۆکەیەکم هەیە، ئەگەر پێتان خۆشە بۆم جێبەجێی بکەن. وتمان فەرموو بیرۆکەکەت چییە؟ وتی من لەو نەخۆشخانەیە دکتۆرم، دەمەوێت ئاهەنگێک بۆ نەخۆشەکانم بکەم. نەخۆشخانەکە نەخۆشی زۆری تێدا بوو، وتمان نەخۆش و ئاهەنگ چۆن دەبێت؟ وتی ئەوە بۆ نەخۆش چاکە، ئەمە چارەسەرە، چارەسەرێکی نەفسییە، ئەوەی توانی کورسیی بۆ دادەنێم، ئەوەی نەشیتوانی بە قەرەوێڵەکەوە دەیهێنمە دەرەوە. وتی من شانۆتان بۆ دروست دەکەم، ئێوە تەنیا بەرنامەیەکی جوان ئامادە بکەن. وتمان باشە.. ئیشمان لە بیرۆکەکەدا کرد، بەرنامەکەمان گۆرانیی هیندی، کوردی، عەرەبیی تێدا بوو، هەمەڕەنگێک بوو خۆشمان نەماندەزانی چییە، دەنگخۆشمان هەبوو، گەنجی تێدا بوو، بەڵام ئەو سەردەمە گۆرانیبێژی بەناوبانگمان نەبوو، تەنیا پیاوێک هەبوو ناوی مەحموود سابوونچی بوو، دەنگی خۆش بوو، مامۆستا بوو، ئەومان هێنا، لەگەڵ گۆرانی هیندیش.

**ڕامان:** ئەو مەحموود سابوونچییە ناوی نەما، دیارە تاسەر لەگەڵتان بەردەوام نەبووە؟

**خالید سەرکار:** وەک گۆرانی وتن لەگەڵمان دەهات، بەڵام وەک تۆمارکردنی گۆرانی لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک گۆرانی تۆمار کراوی نەبوو، خواهەڵناگرێت دەنگی خۆش بوو.

**ڕامان:** ئەی لە ئاهەنگی دەرچوونتان کێ گۆرانی وت؟

**خالید سەرکار:** لە ئاهەنگی دەرچوون زیاتر قوتابییەکان بوون، ئەوانەی لە خانەی مامۆستایان بوون، کۆرسێکیشمان دروست کردبوو، سروود و گۆرانییان دەوتەوە.

**ڕامان:** ئاهەنگەکەتان بۆ نەخۆشەکان چۆن کەوتەوە؟

**خالید سەرکار:** ئاهەنگەکەمان بە سەرکەوتوویی بۆ ئەو نەخۆشانە کرد، ئێوارەیەکی زۆر خۆش بوو، قەت لەیادم ناچێتەوە، نەخۆشەکان بە قەرەوێڵە و بە ئاوەکەوە هاتبوونە دەرەوە، لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵ کەوتبوون، هاوینێکی خۆش بوو، ئەو کاتە نەخۆشخانەکە بینای زۆری تێدا نەبوو، هەمووی دارودرەخت بوو، حەوشەیەکی گەورە بوو، دکتۆر شانۆیەکی گونجاوی دروست کردبوو، بە فەرشێک داپۆشیبوو، موکەبەرە و لاقیتەی هێنابوو، ئاهەنگێکی جوان پێشکەش کرا، دەنگدانەوەیەکی زۆر جوانی لە ناو نەخۆشەکان و دکتۆرەکان و خەڵکی هەبوو، زۆریان پێ خۆش بوو، هەر ئەوەش وای لێ کردین بیر لە دروستکردنی تیپێک بکەینەوە.

**ڕامان:** پێم وایە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣ لەگەڵ هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و فرەنسیس داوود چوونە ناو تیپی مۆسیقای مامۆستایان، هەر ئەو تیپەش دواتر هاندەر بووە بۆیان کە تیپی مۆسیقای سلێمانی دروست بکەن.. دوای ئەوەی لە خانەی مامۆستایان دەرچوون، هەر لە سلێمانی دامەزران؟

**خالید سەرکار:** نەخێر، جاران دەبوایە بچووینایە بۆ بەغدا، (ئەنجوومەنی ڕاژە- مجلس الخدمة) هەبوو، لەوێش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردین، پرسیاریان لێ دەکردین، لە تاقیکردنەوەی مەجلیسی خیدمە من پلەی یەکەمم هێنا، پرسیارەکەم بە تەواوی زانی، بەهۆی یەکەم بوونم لە تاقیکردنەوەکە، ئەو ئیمتیازەیان دامێ، کە بە ئارەزووی خۆم بچمە نزیکترین دێ، منیش گڵەزەردەم هەڵبژارد، کە خۆشم هەر لەوێ لەدایک بووم، لێرەوە دێیەکە دیارە، یەکەمەکە کە من بووم بە تاقی تەنیا بۆ ئەوێ دانرا.

**ڕامان:** (فرەنسیس داوود)ی هاوڕێت کە لە خانەی مامۆستایان لەگەڵت بوو، ئەویان لە کوێ دانا؟

**خالید سەرکار:** فرەنسیس داوود وەک هاوڕێیەکی خۆم لە قۆناغی ناوەندییەوە بە یەکەوە بووین، خانەی مامۆستایانیشمان بە یەکەوە تەواو کرد، ئەو لە چوارقوڕنە دانرا، بیست و چوارەم، بیست و پێنجەم ناو بوو، وتی من ناتوانم بێم بۆ لای تۆ، بەڵام تۆ دەتوانی بێی بۆ لای من، ئەگەر ئاڵوگۆڕێک بکەی، تۆ بۆ نایەی لەگەڵ من بەیەکەوە بین. کوڕێکی لەگەڵ بوو، پێم وت دەیگۆڕیتەوە؟ وتی ئای کوڕە دەستیشت ماچ دەکەم. ئەوەبوو عەریزەیەکمان بۆ پەروەردە نارد، ئەو چووە شوێنەکەی من و من چوومە لای فرەنسیس داوود،

پێکەوە سواری ئۆتۆمبێل بووین و چووینە چوارقورنە، چوونەکەمان هەر ئەوەندە بوو تا فەرەنسیس داوود گەڕایەوە سلێمانی نەختێ کەلوپەل بێنێت، کاتێکمان زانی ئەمری نەقلبوونمانی هێناو گەڕاینەوە سلێمانی، من بۆ قوتابخانەی کانێسکان دانرام، بۆ ئەو قوتابخانەیەی وا خۆم بە منداڵی تێیدا قوتابی بووم، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش هەر لە ژیاندا مابوو کە مامۆستا ئەبووبەکر هەوری، شاعیری ناسراو بوو، لە سەرەتایی ئەو بەڕێوەبەرمان بوو، کە من بووم بە مامۆستای مۆسیقا لە قوتابخانەکەی کانێسکان، هەر ئەو بەڕێوەبەرمان بوو.

**ڕامان:** باشە، ئەوە چۆن بوو پەروەردە ئەو ئەمرەیان بۆ دەرکردن، کە بگەڕێنەوە بۆ ناو شاری سلێمانی؟

**خالید سەرکار:** بەڕێوەبەری پەروەردە مووسا سەمەد بوو، بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان ئازاد شەوقی بوو، ئەنوەر قەرەداغی و محەمەد ئەمین حسێن کە پێش ئێمە بە دوو ساڵ دەرچووبوون، ئەوانیش هاتبوونەوە سلێمانی، لە سلێمانی مامۆستای مۆسیقا نەبوو وانە بڵێتەوە، لەبەر ئەو بارودۆخە چووبوون بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشتیاری هونەری، نەک هەر من و فەرەنسیس داوود، وابزانم پێنج کەس بووین، داوایان کردبوو بچینەوە بۆ سلێمانی و وانەی مۆسیقا بڵێینەوە، بەبێ ئەوەی ئەو قانوونە بەسەرماندا جێبەجێ بکرێ کە حەوت ساڵ لە لادێ مامۆستا بین و خاڵ کۆ بکەینەوە، چونکە جاران مامۆستا دەبوو نزیکەی حەوت ساڵ لەلادێ بمێنێتەوە، ئێمە هەمووی دوو سێ مانگێکی لێ بووین و هاتینەوە، ئیتر لەو قوتابخانەیە بووم بە مامۆستای مۆسیقا، هەر لەو قوتابخانەیە مامەوە و زۆربەی چالاکیی منداڵانم لەوێ کرد، تەنانەت (تۆفیق عەلی)م وەک دەنگ خۆشێک لەو قوتابخانەیە دەرهێنا و بردم بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی.

**ڕامان:** بۆچی ئەو بەهرە نوێیانەت دەبردە تیپی مۆسیقای سلێمانی، بۆ نەتدەبردنە چالاکیی قوتابخانەکانەوە؟

**خالید سەرکار:** پێوەندییەکی باش لە نێوان تیپی مۆسیقای سلێمانی و قوتابخانەکاندا هەبوو، ئێمە کە مامۆستای مۆسیقا بووین، چالاکییەکانمان دەگواستەوە بۆ تیپ، ئەو کات هەر تەلەڤزیۆنی کەرکووک هەبوو، دواتر چالاکییەکانمان دەبرد بۆ ئەو تەلەڤزیۆنە.

**ڕامان:** تۆ یەکەم کەس بووی بەهرەی ئەو منداڵە هونەرمەندەت دۆزییەوە، کە ناوی تۆفیق عەلی بوو، کاتی خۆشی زۆر دەرکەوت و ناوبانگی پەیدا کرد.

**خالید سەرکار:** ئا، چیرۆکێکی خۆشی هەیە، ئەگەر پێت خۆشە بۆتی باس دەکەم.

**ڕامان:** بۆ نا؟ پێم باشە باسی بکەی.

**خالید سەرکار:** تۆفیق عەلی لە پۆلی دوو بوو، ئەو کاتە نەمدەزانی تۆفیق عەلی کێیە و نەمدەناسی، وانەی مۆسیقام دەوتەوە، هەر لەو قوتابخانەیەی کانێسکان گۆرانیی منداڵانم فێر دەکردن، ماوەیەک کەمانچەکەم دادەنا و عەزفم نەدەکرد، گوێم لێ دەگرتن، بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرم، بزانم کێ نەشاز دەکات، کێ دەنگی نزمە، کێ دەنگی بەرزە، سەیرم کرد لەناویاندا دەنگێکی تێدایە لە دەنگەکانی تر ناچێت، زۆر گڕە، دەنگی گڕ لای منداڵ زۆر شتێکی غەریبە، منداڵ بە شێوەی سروشتیی خۆی دەنگی تیژە، ئەو منداڵە کامەیە؟ نەمدەزانی. ناچار چیم کرد، منداڵەکان سێ ڕیز بوون، وتم ئادەی ئەم دوو ڕیزە نەیلێیت، با ئەم ڕیزە بیلێ، خۆم بە کەمانچەکە بۆم عەزف دەکردن، سەیر دەکەم ئەو دەنگەی تێدا نییە، دوایی ڕیزی ئەولا بیلێ، با ناوەڕاست نەیلێ، کە وتیان سەیر دەکەم ئەو دەنگەی تێدا نییە، دەی با ئەو دوو ڕیزە نەیلێ، ناوەڕاست بیلێ، کە ناوەڕاست وتی، دۆزیمەوە و دەنگەکەی تێدا بوو، ئەی خوایە لەم ناوەڕاستەدا دەنگەکە کامیانە؟ لەسەر چ ڕەحلەیەک دانیشتووە؟ بە عەزفەوە بە سەریاندا گەڕام تا دۆزیمەوە، منداڵێکی سپیکەلەو زەردەڵەی تێکەڵ، لە نەخۆش دەچوو، بچکۆلانە دانیشتبوو، ئەو حەلە زانیم ئەمەیە، ویستم بەتەنیا دەری بێنم، وتم وەرە دەرەوە، خەریک بوو دەگریا، وتم وەرە دەرەوە ئا لەوێ بووەستە، کە وەستا، وتم بۆم بڵێ، نەیوت، شەرمی دەکرد، ناچار چوار پێنج منداڵی تریشم بۆ دەرهێنا، وتم دەی بە یەکەوە بیلێین، بە یەکەوە وتیان، سەیر دەکەم جوانی دەڵێت، ئینجا وتم بەتەنیا بۆم بڵێ، بەتەنیا بۆی وتم.

**ڕامان:** دوای دەستنیشان کردنی ئەو بەهرەیە چیت بۆ کرد؟

**خالید سەرکار:** ئێواران دەچووین بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی و لەوێ کارمان دەکرد، کە چووم بۆم باس کردن، وتم منداڵێکی وام ئامادە کردووە، وتیان بۆ نایهێنی با

ئیشی منداڵیش بکەین. بردم، پێیمان وت ئادەی بچکۆل چی دەزانی؟ وردە وردە جورئەتی هاتەبەر، گۆرانییەکی سەلاح داوودەی بۆمان وت، "ڕاوەستاوە لەو بانە، دەستی لە کەمەر ناوە"، زۆر خۆشی دەوت، منداڵێکی بچکۆلە گۆرانی گەوران بڵێ، لامان سەیر بوو، خستمانە پرۆگرامەوە، ئەو کاتە کۆنسێرتمان دەکرد، خەڵکی سلێمانی بۆ بینینی دەهاتن، لە ئاهەنگەکان لەلایەن خەڵکەوە دیاری و خەڵات بۆ تیپی ئێمە دەهات، کراسێک بۆ کاک خالید سەرکار، کراسێک بۆ کاک ئەنوەر قەرەداغی، کراسێک بۆ فلان، هەمووی زیاتر کراس بوو، کراسی زۆر بۆ تۆفیق عەلی هات، ئیتر منیش بۆم کۆ دەکردەوە و بۆم دەبردە ماڵەوە.

**ڕامان:** وتت تۆفیق عەلی لە نەخۆش دەچوو، دواتر باری لەشساغییەکەی چۆن بوو، بارودۆخی باشتر نەبوو؟

**خالید سەرکار:** سەیرم کرد ئەم منداڵە هەر زەردەڵەیە، هەر نەخۆشە، ڕۆژێک بە مامۆستا شێخ (ئەبووبەکر هەوری)م وت، وتم مامۆستا ڕێم دەدەی ئەم منداڵە بەرم بۆ نەخۆشخانە؟ دکتۆر ئومێد مەدحەت موبارەک برادەرم بوو، ئاخر ئەویش لە تیپی مۆسیقای مەولەوی ژەنیاری کەمان بوو، ژەنیارێکی باش بوو، وتم دەیبەم بۆ لای ئەو پشکنینێکی باشی بۆ بکات، وتی بیبە. دەستیم گرت و بردم، لە ڕێگا پێم وت تۆفیق باوکت ماوە؟ وتی باوکم ماوە، بەڵام دایکم نەماوە. وتم ئەی دایکت کێیە؟ وتی باوکم ژنی هێناوەتەوە، وردە وردە قسەم لێ دەردەهێنا، وتی ئەو باوەژنەم زۆر لەگەڵم خراپە، لێم دەدا و خواردنم ناداتێ و دەرم دەکاتە دەرەوە، برایەکی گەورەم هەیە، ئەویش دەنێرن بۆ ئیش، تەنیا هەر من دەمێنمەوە. کە بردم بۆ لای دکتۆر ئومێد مەدحەت، دکتۆر پشکنینی بۆ کرد، وتی خالید گیان، ئەمە نەخۆشە، خوێنی کەمە، ئەمەی هەیە و ئەوەی هەیە، باش بوو، ئیتر حەب و دەرمان و شتی بۆ نووسی، هێنامەوە بۆ ماڵەوە، بە دایکەکەی، بە باوەژنەکەیم وت، وتم ئەم حەب و دەرمانانەی بە ڕێکوپێکی دەدەیتێ، ئەمە حوکمەت بۆی نووسیوە، کە وتم حوکمەت ترسا، ئیتر وردە وردە کوڕە باش دەبوو، ئینجا وتم تۆفیق ئەو کراس و دیارییانەی کە بۆم دەهێنایتەوە، باوکت چی لێ دەکردن؟ وتی دەیفرۆشتن. وتم بەخوا دەبێ سنوورێک بۆ ئەمەش دانێم، ئەو سەردەمە کۆنسێرتمان زۆر بوو، کراس و دیاری زۆری بۆ دەهات، جاری وابوو پارەی بۆ دەهات، ئەم جارە نەمدا بە باوکی، هەموویم بۆ کۆکردەوە، جاران جەلالی بەڵێن هەبوو، چوومە لای ئەو، هەموویم بۆ فرۆشتەوە، پارەکەیم وەرگرت و چووم بۆ بازاڕ، سیسەمێکی یەک نەفەری بچکۆلە و کەنتۆرێکی بچکۆلە و کتێبخانەیەکی بچووکم بۆ کڕی، ئەمانەم بەو پارەیە کڕی و بۆم بردەوە ماڵەوە، بە دایکەکەیم وت ئەمە حوکمەت ناردوویەتی، نەیفرۆشنەوە، ئیتر وردە وردە دۆخی ئەو کوڕە باش بوو، سیحەتی باش بوو، ئێمەش گۆرانیی زیاترمان پێ دەوت.

**ڕامان:** لە قوتابخانەش ئاستی خوێندنەکەی باش بوو؟

**خالید سەرکار:** لە قوتابخانەش باش بوو، تا چەند ساڵێک لەگەڵمان مایەوە، ئیتر لە پڕ نەماندییەوە.

**ڕامان:** بەڵام یەکێک لە گلەییەکان ئەوەیە کە دەبوایە شیعرەکان لە ئاستی تەمەنی خۆی و منداڵێکدا بێت، ناکرێت منداڵێک بێنی باسی سنگ و مەمک و بەژن و باڵای ئافرەت و ئەو باسانە بکات و لە دنیای منداڵیی خۆی دایبڕیت.

**خالید سەرکار:** ئەو سەردەمە ئێمە کەوتبووینە هەڵەیەکی هونەریی گەورەوە، من ئێستا باسی دەکەم، هەڵەکە چی بوو؟ یەکێک لە پەروەردەی منداڵان لایەنی گۆرانییە، ئاخر لە دوای تۆفیق عەلی کوڕێکی دیکەش هات، ئەو ناوی خەسرەو تۆفیق بوو، گۆرانییەکانی نازم غەزالی دەوتەوە، ئەمیش لاسایی سەلاح داوودە و ئەمانەی دەکردەوە، خۆشمان ئاوازمان بۆ دادەنا، لەم دواییەدا ئاوازمان بۆ تۆفیق عەلی دانا، هۆنراوەی منداڵمان بۆ هێنا، ئەنوەر قەرەداغی ئاوازی بۆ کرد، تا ئەو کاتە ئەوەمان نەدەزانی، واماندەزانی منداڵێک گۆرانی گەورە بڵێتەوە زۆر گرنگە، کە هی گەورەکانی دەوت، ئەمەمان بە پێشکەوتنێکی هونەریی دادەنا.

**ڕامان:** یان ئەو سەردەمە باو بوو، تیپەکان گۆرانی و ئاوازی عەرەبییان پێشکەش دەکرد.

**خالید سەرکار:** ڕاستە، ئێمە خۆمان وەک تیپێکی مۆسیقای هونەری، لە سەرەتای هەموو کۆنسێرتێکدا، مۆسیقای عەرەبیمان لێ دەدا، گۆرانییەکانی (ئووم کەلسووم)مان بە مۆسیقا لێ دەدا، ئەو کاتە محەمەد عەبدولوەهاب، یان فەرید ئەترەش، یان عەبدولحەلیم حافز باو بوون، گۆرانییەکانی ئەوانەمان بە ئاواز دەژەنی، کە مۆسیقای ئەم میسرییانەمان لێ دەدا، خەڵک

چەپڵەی بۆ لێ دەدایین، واماندەزانی ئێمە زۆر گرنگین، واتە بیرمان لە مۆسیقای کوردی نەکردبووەوە، بیرمان نەدەکردەوە کە کورد مۆسیقای هەیە.

**ڕامان:** ئەم بیرۆکەی دووڕکەوتنەوەیەتان لەگۆرانی و مۆسیقای کوردی چەندی خایاند؟

**خالید سەرکار:** ئەمە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی ماوەی چەند ساڵێکی خایاند، بەڵام ڕۆژێک دانیشتین و وتمان بۆ لیژنەیەک دروست نەکەین؟ لیژنەمان لە ئەندامە باشەکانمان دروست کرد و ناومان نا لیژنەی هونەری، ئەنوەر قەرەداغی، فرەنسیس داوود، دلێر ئیبراهیم و منی تێدا بووین، دوایی سەلاح ڕەئووف-یش هات، (عوسمان محەمەد ئەمین)یش جار بەجار دەهات، ئەوانەی بمانزانیبایە حەزیان لە تەئلیفە، یان حەزیان لە ئیشکردنە و ژەنینیشیان باشە، کردمانن بە ئەندامی لیژنەکە، وتمان تا زۆر بین باشترە.

**ڕامان:** چۆنە ئەو لیژنەیە فەرەیدوون دارتاشی تێدا نەبووە؟

**خالید سەرکار:** فەرەیدوون دارتاش کە پێوەندیی پێمانەوە کرد، ژەنیاری ئامێری کەمان بوو، بەڵام ئاستی ژەنینی زۆر بەهێز نەبوو، بۆیە لەو لیژنەیە دانەنرا، ئێمە لە هەڵبژاردنێکدا دەنگمان بۆ داو کردمان بە سەرۆکی تیپەکە، چونکە قسە و دەموپلی باش بوو، بەتایبەت ئەو کاتە ڕژێمی بەعس هەبوو، هەر کاتێ تووشیان بکردینایە، لەبەر ئەوەی عەرەبییەکەی باش بوو، دەماننارد بۆ لایان و پێمان دەوت بڕۆ ڕزگارمان بکە، ئێمە نایەین بۆ ئەم ئاهەنگە، بە عەرەبییەکە چۆنی باس دەکەیت، باسی بکە و ڕزگارمان بکە، ئیتر خوا هەڵناگرێت جورئەتی ئەم شتانەی تێدا بوو، ڕووبەڕووی ئەمان دەبووەوە.

**ڕامان:** تۆ تا کەی لە قوتابخانەی کانێسکان مایتەوە؟ وابزانم دواتر چوونە چالاکیی قوتابخانەکان؟

**خالید سەرکار:** کاتێک زانکۆی سلێمانی دروست بوو، شەماڵ سائیب گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە زانکۆ بەشێکی هونەریی کردەوە، ئەو کاتە ئەنوەر قەرەداغی لە چالاکیی قوتابخانەکان بوو، ئەوی بردە لای خۆی، ولیەم یوحەنناشی برد، لە چالاکیی قوتابخانەکان شوێنەکانیان چۆڵ بووبوو، ئیتر بە ڕەسمی داوای منیان کرد و وەک مەشقکار (مدرب) منیان ناردە ئەوێ، لەیادمە لە ساڵی ١٩٧٢ـەوە، چوومە چالاکیی قوتابخانەکان.

**ڕامان:** کە چوویتە چالاکیی قوتابخانەکان، فرەنسیس داوود لەوێ بوو، یان لە دوای تۆ هات؟

**خالید سەرکار:** بە چەند ساڵێک دوای من هات، ئەو لە قوتابخانەکاندا مامۆستای مۆسیقا بوو، یەکەم جار کە چووم هەر خۆم بووم، ئەحمەد هەردی شاعیر و (ع. ع. شەونم)ی لێ بوو، ولیەم یوحەننا جار بەجار دەهاتەوە لامان و سەری لێ دەدایین، دواتر بەدیعە دارتاش، عەلی جۆلا، کامیل ئەحمەد مەعرووف هاتن، ئەنوەر توفی بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان بوو، ئەوانەی لە یادم مابن، (ئیسماعیل خەیات)یش تازە لە خانەقینەوە هاتبووە سلێمانی، ئەویش هەر لە ساڵی ١٩٧٢ـەوە هاتە چالاکیی قوتابخانەکان، ئەوکاتە هێشتا شەڕی ساڵی ١٩٧٤ دروست نەبووبوو.

**ڕامان:** وتت دوو شاعیرتان لەگەڵ بووە، مامۆستایان: ئەحمەد هەردی و ع. ع. شەونم، ئەمانە لە ناو دنیای شیعردا دوو کەسی ناسراون، بەتایبەتی مامۆستا ئەحمەد هەردی شیعرە لیریکییەکانی زۆر بۆ گۆرانی لەبار و گونجاون، ئەوەی تریشیان کە لە شیعری منداڵاندا دەستێکی باڵای هەیە، تۆ چەند توانیت بۆ ئاوازدانان سوود لە شیعرەکانیان وەربگریت؟

**خالید سەرکار:** با سەرەتا باسی یەکەمیان ئەحمەد هەردی بکەم، کە چاکەیەکی گەورەی بەسەر منەوە هەیە، ئەو پێش ئەوەی لە چالاکیی قوتابخانەکان بێت، دراوسێمان بوو و لە یەک گەڕەکدا دەژیاین، بۆیە پێشتر دەمناسی، کە لە قوتابخانەی کانێسکان مامۆستا بووم، وانەکەم ناوی سروود بوو، سروودێکم لە هەر سووچێکی ئەم شارە شک ببردایە، فلان کەس کەسەکە دەناسێ، یان فلان کەس وتوویەتی، دەچووم بۆ لایان و شیعرەکە و میلۆدییەکەشیم بە دەستی خۆم دەنووسییەوە و لەلایەک دام دەنان، ئەو کاتە بەدەست دەنووسرایەوە، هەر ئەوەشم کردبوو بە کتێب، لاپەڕەکانی زۆر بووبوون، کە چوومە چالاکیی قوتابخانەکان مامۆستا (ئەحمەد هەردی)م دی، ئەو پیاوە وەک شاعیرێکی گەورە، خۆم سەرسام بووم پێی، ئاوازم بۆ یەکێک لە شیعرەکانیشی دانابوو، پێم وت من نیازی شتێکی ئاوام هەیە، ئاوا کارم کردووە، ئەم شیعرانەم کۆکردووەتەوە، کە بینی دەستخۆشی لێ کردم، پێم وت زەحمەت نەبێ من دەتدەمێ با هەفتەیەک

لەلات بێ، سەیرێکی شیعرەکان بکە نەوەک بە هەڵە نووسیبێتیانمەوە، یان ئەگەر زانیاریت لەسەر میلۆدییەکان هەیە، یان شیعرەکە هی کێیە پێم بڵێ، چونکە نەمدەزانی زۆربەی میلۆدییەکان هی کێن، بەڵام بە مۆرکەکەیان دەمزانی تورکین، کە دامێ دوای هەفتەیەک دەفتەرەکەی بۆ هێنامەوە، ئێستاش وابزانم دەستوخەتەکەی لەلام ماوە.

**ڕامان:** هەردی لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چی بۆ کردی؟ سوودت لە سەرنج و تێبینییەکانی وەرگرت؟

**خالید سەرکار:** زۆریش سوودم لێ وەرگرت، بە قەڵەمی سەوز لەسەر لاپەڕەکانی دەفتەرەکە نووسیبووی ئەم دێڕە شیعرە وانییە و وایە، ئەم وشەیە وا نانووسرێت، وا دەنووسرێت، ئەم ئاوازە هی فڵانە کەسە، بۆ نموونە هەردی بۆی گێڕامەوە لە ساڵانی دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە یافا، لە فەلەستین ئێزگەیەک دانراوە، بەشێکیان لە کاتەکەی داوە بە کورد، کە نیو سەعات، سەعاتێک بووە، گۆران، ڕەفیق چالاک، ڕەمزی قەزاز و ئەوانە بانگ کراون، تا لەو ئێزگەیەدا کار بکەن، کە ئەحمەد هەردی ئەمەی بۆ گێڕامەوە، لە کتێبی سروودەکەمدا نووسیومەوە، وتی ڕۆژێکیان لەگەڵ گۆران پیاسەمان دەکرد، گۆران بۆ ئەحمەد هەردی گێڕاوەتەوە، وتی کوڕێک بەرەو ڕووی هات، تەعاروفی پێ کردم، گۆران وتی ئەمە لە لبنان ژیاوە، ئێستا مامۆستای مۆسیقایە، ئەم کوڕە کوردە دوو شیعری منی بردووە ئاوازی بۆ داناون، ناوی غالب تەیفوورە، هەردی وتی بە (گۆران)م وت کام سروودەن؟ وتی "دەمی ڕاپەڕینە،" لەگەڵ "کوردستان کوردستان نیشتمانی جوان، هەر بژی بە شادی سەربەستی و ئازادی"، ئەوانە ئاوازی ئەو کوڕەیە، کە ئەمەم لە دەمی مامۆستا (ئەحمەد هەردی)یەوە وەرگرتووە.

**ڕامان:** زانینی ناوی ئاوازدانەری ڕاستەقینەی ئەم دوو سرووده گرنگە، دوو ئاوازی جوانیشن.

**خالید سەرکار:** ئەم دوو ئاوازە سەرنجی منیان ڕاکێشابوو، سەیرم دەکرد لە ڕیتم و لە میلۆدیدا ناچنەوە سەر شێوەی فۆلکلۆر، لە میلۆدی تورکییەوە بەدوورن، کە زۆربەی سروودەکانمان تورکین، لە عەرەبییشەوە دوورن، خوایە ئەم دوو سرووده چین؟ ماڵی ئاوا بێت مامۆستا ئەحمەد هەردی، ئەم دوو سرووده‌ی بۆ ڕوون کردمەوە، لەوەدا زۆر یارمەتیدام.

**ڕامان:** ئەی سەبارەت بە ع.ع. شەونم توانیت وەک شاعیرێک، بە تایبەتی لە بواری شیعری منداڵاندا سوودی لێ وەربگریت؟

**خالید سەرکار:** کە بەناوونیشانی مەشقکار (مدرب) چوومە چالاکیی قوتابخانەکان، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەنوەر توفی بەشێوەیەکی وشکوبرنگ پێی وتم بچۆ سەردانی قوتابخانەکان بکە، تەنیا ڕۆژانی پێنج شەممە وەرە تا بزانم چیت کردووە. کە ڕۆیشتم لەو هەفتەیەدا سەردانی ئابڵاخم کرد کە گوندێک بوو، ئەوسا لە ئامادەیی پیشەسازییەوە تا دەگەیشتیتە ئەوێ دەشتێکی چۆڵ بوو، بە خۆم و کەمانێکەوە بە زەحمەت گەیشتمە ئەوێ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی عەبەسوور، قوتابخانەکەش ناوی ئابڵاخ بوو، کە پێکەوە دانیشتین وتی کاتی خۆی بەرهەمێکی (گۆران)م دەست کەوتووە، ئەم بەرهەمە بۆ تۆ باشە کاری تێدا بکەی، بۆتی دەهێنم، ئەوەبوو ڕۆژی دواتر بۆی هێنام، بینیم گۆران ئۆپەرێتێکی بە ناوی "کۆتایی زۆردار- ئەژدەهاک" نووسیوە کە داوێتی بە قادر دیلان و پێی وتووە وەک ئۆپەرێت ئیشی تێدا بکە، بەڵام یەک فەسڵی ماوە، من بۆتی تەواو دەکەم. ئۆپەرێت بۆخۆت دەزانی شێوازێکی درامی ئەدەبی هونەرییە، کە مامۆستا عەبەسوور ئەوەی دایە من، وتی ئەو دەقە کە گۆران داوێتی بە قادر دیلان، ئەو بۆی تەواو نەکراوە، تەنانەت گۆران لە پێشەکی دەقەکەشدا بە دەستوخەتی خۆی نووسیبووی داومە بە قادر دیلان، بەڵام نازانم لەبەر چ هۆیەک کاری لەسەر نەکردووە، بۆیە منیش تەواوم نەکردووە. کە دانیشتین لە کۆبوونەوەدا باسی ئەو ئۆپەرێتەم کرد، ع. ع. شەونم وتی من ئۆپەرێتەکەت بۆ تەواو دەکەم، ئیشەکەی گۆران تەواو دەکەم، ئێمەش لەسەر قسەی ئەو دەستمان دایە ئۆپەرێتەکە و کارێکی گەورەمان کرد، بەدیعە دارتاش دەری هێنا، فەرەیدوون دارتاش دیزاینی جووڵەکانی کرد، من و ولیەم یوحەننا و فرەنسیس داوود و ئەلبێرت عیسا ئاوازەکانمان بۆی دانا، نزیکەی سەد تا سەد و پەنجا قوتابیمان هێنا، لە هەڵپەڕکێ بەشدارمان پێ کردن، لە کۆڕاڵ، لە کۆرس، لە جووڵانەوەکان، وێنەکێش و دیکۆرکێشەکانیش کاری خۆیان کرد.

**ڕامان:** دەبێ بۆ دیکۆرەکەی سوودتان لە بەهرەی

هونەرمەند ئەنوەر توفی وەرگرتبێ و دەوری خۆی تێدا بینیبێ؟

**خالید سەرکار:** دەورێکی یەکجار زۆری هەبوو، بۆ دیکۆر، یان لایەنە کارگێڕییەکەی هاوکارمان بوو، ئەو پیاوە زۆر ئیداری بوو، زۆر هانی دەداین، لە فیستیڤاڵێکی پەروەردەدا ئۆپەرێتی "کەژاوەی مێژوو"مان پێشکەش کرد، ئەو ئۆپەرێتەمان یەکەمی عێراقی هێنا، خەڵاتێکی گەورەیان داینێ، بەڵام جێی داخە کە هاتینەوە سلێمانی، بەڕێوەبەری پەروەردە گۆڕابوو، بووبوو بە محەمەد پیرۆز، کە چووینە لای ڕووی تێ کردم وتی کاک خالید بەعسی بوونایە، نەک خەڵاتی وا، ئۆتۆمۆبیلیشم بۆ وەردەگرتن، هەموو پێداویستی و شتێکم بۆ دابین دەکردن، بەڵام بەعسی نین، ناتوانم هیچتان بۆ بکەم، لەگەڵ ئەوەش پیرۆزباییتان لێ دەکەم، خەڵاتتان بۆ سلێمانی هێناوەتەوە، کە گەورەییە بۆ شارەکە و بۆ هونەری کوردی.

**ڕامان:** ئۆپەرێتی کەژاوەی مێژوو کێ نووسیبووی؟

**خالید سەرکار:** ئەو ئۆپەرێتە لە نووسینی ع.ع. شەونم بوو.

**ڕامان:** لە کوردستان هەر ئێوە بوون بە نوێنەرایەتی شاری سلێمانی بەشداریتان کردبوو؟

**خالید سەرکار:** نەخێر، ئەو کاتە هەولێر ئۆپەرێتێکی هێنابوو، کە تەحسین تەها، بەناوی برایەتی کورد و عەرەب ئامادەی کردبوو، بە بیرم دێ قوتابییە کوردەکانی بەغدا کە بینەرمان بوون، ئەو ئۆپەرێتەی ئەوانیان بەدڵ نەبوو، بەڵام بە گەرمی پێشوازییان لەوەی ئێمە کرد.

**ڕامان:** ساڵی چەند ئەو ئۆپەرێتەتان پێشکەش کرد؟

**خالید سەرکار:** ساڵی ١٩٧٧ بوو.

**ڕامان:** لە کوێ و لە چ هۆڵێک پێشکەش کرا؟

**خالید سەرکار:** لە بەغدا، لە هۆڵی پەروەردە پێشکەشمان کرد، چونکە فیستیڤاڵی پەروەردە بوو، پەروەردەی هەموو شارەکانی عێراق هاتبوون و ئیشی خۆیان هێنابوو، ئەو کاتە هونەرمەندان تاڵب قەرەغوللی، داوود ئەلقەیسی بەشدارییان کردبوو، کەوکەب حەمزە لە بەسراوە هاتبوو، ئەم موئەلیفە عێراقییە بەناوبانگانە ئۆپەرێتیان هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لیژنەکە لیژنەیەکی هونەریی شارەزا بوو، لە مامۆستایانی ئەکادیمی پێکهاتبوو، لە ناو هەموو ئەوانە، یەکەمییان دا بە شاری سلێمانی.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم ئیشی ئۆپەرێتی ئێوە بوو؟

**خالید سەرکار:** ئەوە یەکەم ئیشی ئێمە بوو، کە وەک ئۆپەرێت کردبێتمان.

**ڕامان:** با هەر لەسەر ئەو هونەری ئۆپەرێتە بڕۆین و حەقی خۆی پێ بدەین، ئەو هونەری ئۆپەرێتە کە ئێستا لەلای ئێمە ونە، هونەرێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە ڕووی پەروەردەییەوە، جگە لە پەروەردەی چێژی مۆسیقایی و گوێچکەی مۆسیقایی منداڵان، لەناو جووڵەی درامی تێکستێکی بەهێز و ئامانجداریش، لایەنێکی پەروەردەیی دەپێکێ کە بۆ منداڵ و مێردمنداڵان زۆر گرنگە.. باشە دوای ئەوەی ئەو ئۆپەرێتەتان برد بۆ بەغدا و یەکەمی هێنایەوە، دوای ئەوە بیرتان لەوە نەکردەوە ئیشێکی تر بکەن؟

**خالید سەرکار:** با هەموو ساڵێک بەشدار دەبووین، ئیتر بووبوو بە بەرنامەی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەی بەغدا، لەوێوە خەبەریان بۆ دەناردین، هەر ساڵەی فیستیڤاڵەکان شتێکی بۆ ئیزافە دەکرا، بۆ نموونە ساڵێک دەیانوت ئۆپەرێت بێنن، ئەمساڵ کۆڕاڵ بێنن، ئەمساڵ تیپی مۆسیقای منداڵان بێنن، لە ئاستی ئامادەیی تیپی مۆسیقای گەوران و تەمسیلێک بێنن، ئیتر ئێمە بۆ کارێکی چاک، ئیشمان لەم داواکارییەی ئەوان دەکرد.

**ڕامان:** ئۆپەرێتی دوای ئەوەی یەکەمتان چی بوو؟

**خالید سەرکار:** ئۆپەرێتی دوای ئەوە "خەزاڵێ" بوو.

**ڕامان:** خەزاڵێ و لاس و خەزاڵ کۆڕاڵ بوون، ئۆپەرێت نەبوون.

**خالید سەرکار:** بەڵێ بەڵێ، کۆڕاڵ بوون، (خەزاڵێ)ش هەر کۆڕاڵ بوو، لە تەلەڤزیۆنیش تۆمارمان کرد، بەڵام دوای ئۆپەرێتی (کۆتایی زۆردار- ئەژدەهاک)، زۆر ئۆپەرێتی تریشمان کرد، لەوانە "پردی دەلال"، کە بردمان بۆ هەولێر و دهۆک.

**ڕامان:** ئەمە وەک ئۆپەرێت بووە دووەم کاری ئێوە؟

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئەمەش هەر یەکەمی هێنایەوە، لە یادمە نزیکەی هەشت تا نۆ ئۆپەرێتی گەورەمان پێشکەش کرد.

**ڕامان:** کێ ئۆپەرێتەکانی بۆتان دەنووسی؟

**خالید سەرکار:** مامۆستا ع.ع.شەونم بۆمانی

دەنووسی، هەروەها شـەمـالّی عـەبەڕەش و (جـیـهـاد دلّپاک)یش دەیاننووسی، تێکەڵ بوون.

**ڕامان:** هی جیهاد دلّپاک ناوی چی بوو؟

**خالید سەرکار:** ناوی "پردی دەلال" بوو، باسی ئەوە بوو چۆن "پردی دەلال" دروست کراوە و چۆن قوربانی بۆ دراوە تا ئەو پردە دروست کـراوە، ئەوە کـرا بـە ئۆپەرێتێک، بردمان لە دهۆک پێشکەشمان کرد، لە دهۆکەوە بردمانە هەولێریش پێشکەشمان کرد، ئەویش یەکەمی عێراقی هێنا.

**ڕامان:** جیهاد دلّپاک بە وەزیفە ساڵانێکی لە شاری دهۆک بەسەر بردبوو، لە شانۆیی "پردی ئارتا"ش دەوری سەرەکی هەبوو، ئەم شانۆنامەیەش کە لە هەشتاکان لە سلێمانی پێشکەش کرا، هەمان بیرۆکەی (پردی دەلال)ی هەیە، چونکە لە شانۆی پردی ئارتاش دەبوو هەموو ساڵێک قوربانیی بۆ پردەکە بدرێ، تا نەڕووخێ.

**خالید سەرکار:** بەڵێ وایە "پردی دەلال"یش هەر وایە، ئەویش قوربانیی بۆ دەدرا.

**ڕامان:** ئەم ئۆپەرێتانە لە ڕۆژگارێک دەور و کاریگەریی خۆیان هەبوو، چ لەلایەن ئەوانەی دەیاننووسین، یان کە لەلایەن کەسانی وەک ئێوەوە، ئاوازتان بۆیان دادەنان، ئەوانە جێگەی بایەخ بوون، بەڵام وەک دەبینین ساڵانێکی زۆرە ئەم هونەرە پشتگوێ خراوە، لە کاتێکدا ئێستاش لایەنی پەروەردەیی بۆ ئەم نەوەیەی ئێمە زۆر زۆر پێویستە، ئەمە هۆیەکەی چییە، بۆ ئەم هونەرە پاشەکشەی کردووە؟

**خالید سەرکار:** بڵێم چی؟ ئایا ئێستا کەسانێک نین حەزیان لە ئۆپەرێت بێت؟ بەڕای من ئۆپەرێت هونەرێکی زۆر جوانە، هەموو بابەتەکان چ لەلایەنی دراماییی و تێکستی ئەدەبی، چ لە جووڵانەوە و لە دیکۆر، یان لە مۆسیقا و گرووپی مۆسیقا و دابەشکردنی مۆسیقا، هەموویان تێیدا بەشدارن، بە هەمووی مانایەکی جوانت دەدەنێ و خەڵکەکەش پێی خۆشە، چارەکێک، نیو سەعات، بیست و پێنج دەقە دەخایەنێت. لە حەفتاکاندا، کە دەتوانم بڵێم قۆناغی زێڕینی هونەری کوردیش بوو، ئەم هونەرە زۆر باو بوو، بەڵام وەک وتم ساڵانە لە پەروەردەوە هان دەدراین و دەستی پێ دەکرد.

**ڕامان:** لەبیرمە هێندێکیان بۆ تەلەڤزیۆنی بەغدا و کەرکووک تۆمار کران، بەمەش بەشێکی زۆر لە منالان ئەو ئۆپەرێتانەیان دەبینی و چێژیان لێ وەردەگرتن.

**خالید سەرکار:** زۆر ئۆپەرێتی منداڵیشمان کرد، کەچی بە دەردی تۆ دەڵێیت ئێستا نە ئۆپەرێتی منداڵ، نە ئۆپەرێتی گەورە نەماون، ئەمڕۆ بایەخی پێ نادرێ، بۆ لایەنی مۆسیقا و گۆرانی، بابەتەکان بە جۆرێکی تر گۆڕاون.

**ڕامان:** ئەمە هۆیەکەی چییە؟ ئەم پشت کردنە هونەری کۆڕاڵ و ئۆپەرێتە بۆ؟

**خالید سەرکار:** نازانم، وا دیارە هەر قۆناغە و هەر زەمەنەی بەلایەکدا دەتبا، ئێستا خەمخۆرییەک بۆ ئەو هونەرانە نییە.

**ڕامان:** هەندێک دەڵێن لەبەر ئەوەی تێکست نییە ئاوازی بۆ دابنرێت، بۆیە پاشەکشەی کردووە؟

**خالید سەرکار:** نا، من بڕوا ناکەم وا بێ.

**ڕامان:** ئێستا تۆ ناوی دوو کەست برد، جیهاد دلّپاک و شەمالّی عەبەڕەش، کە ناسراو نین بۆ ئەوەی کاری لەو شێوەیە بکەن، بەڵام تێکستی ئۆپەرێتیان ئامادە کردووە و ئێوەش ئیشتان لەسەر کردوون و ئاوازتان بۆیان داناوە، مانای ئەوەیە ئەگەر مەبەست بێت، خەڵکانێک هەن و دەتوانن ئەو تێکستانە بنووسن.

**خالید سەرکار:** بێ گومان، بەڕای من ئەمە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو سەردەمە ڕژێمی بەعس بە نیسبەت هەموومانەوە ڕژێمێکی سەرکوتکەر بوو، بەتایبەت بەرانبەر ڕۆشنبیری و کولتووری کورد، بەڵێ تەلەڤزیۆنێکی بۆ دانابووین بە ناوی تەلەڤزیۆنی "تەئمیم"، یان تەلەڤزیۆنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام زیاتر مەبەستی ئەوە بوو خۆی تێدا بنوێنێت و لە ڕێگەی ئەو تەلەڤزیۆنەوە خۆی پێشکەش بە خەڵکی بکات، تا بڵێ من ئاوا بایەخ بە کورد دەدەم، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵێکی توند بووین، زۆر ئەزیەتیان دەداین. دەتوانم بڵێم لەو سەردەمەدا زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە سەنگەرێکدا کۆ بووبووینەوە، حەزمان دەکرد توانایی هونەریی وا پێشان بدەین، کە ئێمە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە میللەتێکین سەرکوتیان کردووین، ئێمە تەنیا لە ڕووی هونەرییەوە ناسراین و سەرکەوتوو بووین.

**ڕامان:** لە قۆناغی چەوسانەوە و پەراوێز خستن، داهێنانی گەورە دەکرا.

**خالید سەرکار:** باوەڕ بکە کارێکی وامان کردبوو،

هەموو خەڵکی ئەو سەردەمەی کوردستانیش شایەتن، کە بەرهەمێکمان دەبرد بۆ بەغدا، چ کۆراڵ، یان ئۆپەرێت، یان بەرهەمی مۆسیقای منداڵان و گەوران بووبێ، مامۆستاکانی ئەوێ، ئەکادیمییەکان، دەیانوت بڕوانامەی کوێتان هەیە؟ ئەم زانستی هارمۆنییە چۆن دەزانن؟ ئەم کۆراڵەتان چۆن دروست کردووە؟ ئەم تیپی منداڵانەتان چۆن پێ گەیاندووە؟ سەیرە منداڵێک ئاوا ئامێر بژەنێ! باشە ئێوە لە کوێوە هاتوون، خەڵکی سلێمانین؟ بەڵێ، خەڵکی دهۆکن؟ بەڵێ، خەڵکی هەولێرن؟ بەڵێ، لەو شاخانەوە هاتوون، کوێتان تەواو کردووە؟ ئەرێ تۆ بڕوانامەی ئەڵمانیات هەیە؟ دەموت نەوەڵڵا. ئەی تۆ فەرەنسات تەواو کردووە؟ نەخێر. ئەی خوێندنی ئیتاڵیات تەواو کردووە؟ نەوەڵڵا.

**ڕامان:** ئەو هەوڵە بەردەوام و بێ پسانەوەیەی ئێوە کە لەگەڵ گیانی مقاوەمەت تێکەڵ بووبوو، لەلای هەر تاکێکی کوردیش هەبوو، وای لە ئێوە کردبوو زیاتر بەرەو پێشەوە بچن و داهێنان بکەن، تا بیسەلمێنن ئێوەش هەن و وەک هەر کەسێکی دی ئینسانن و هاووڵاتی پلە دوو نین.

**خالید سەرکار:** بەڕای من ڕژێمەکە هەموو ئێمەی یەک خستبوو، بەهرە و تواناکاییەکانمان بەهێز بووبوو، کە قسەشمان بۆ قوتابییەکان دەکرد و دەمانوت ئێمە دەچین شتێکی وا گەورە دەکەین، لە شارێکی وا خۆمان پێشان دەدەین، ئەوەندەی تر گەنجەکان، کچ و کوڕ لەگەڵمان دەهاتن، ئەوەندەی تر بەهێز دەبووین، هەموووان هیلاکبوونیان نەدەزانی، ئێستا چوار گەنجت بۆ کۆ نابێتەوە، چوار منداڵت بۆ کۆ نابێتەوە، هەمووی داوای پارەت لێ دەکات، هەمووی دەڵێ ئەمە و ئەمەم دەوێت. ئەودەم بە خۆڕایی بوو، فەقیرە لەوسەری شارەوە بە پێیان دەهات، ڕۆژانە من سێ سەعات مەشقم پێ دەکردن، تا کۆراڵێکمان ئامادە دەکرد، بەڕاستی ڕژێم ئێمەی کۆکردبووەوە، ئەوەی لای ئێمە هەبوو، لایەنێکی زۆر گرنگ بوو، کە پێی دەڵێن هونەری بەرگری، ئەو بەرگرییە بەرانبەر بە ڕژێم دروست بووبوو.

**ڕامان:** هونەرەکەتان هەڵگری ناسنامەی میللەتێک بوو، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکی گەورە بوو.

**خالید سەرکار:** هونەرەکەمان جوان و کاریگەر بوو، بۆ نموونە لە (تیپی مۆسیقای سلێمانی)دا، گۆرانییەکمان بۆ کەریم کابان، برایمی خەیات، عوسمان عەلی، حەسەن گەرمیانی، یان عەباس محەمەد دەکرد، وامان بیر دەکردەوە، کە دەبێ ئێمە شتێکی زۆر جوان بکەین، ئەو بەرهەمە لە ئاستی عێراق زیاتر بێت، بەڕای من هۆکارێکی سەرەکی ئەوە بوو، کە لەو سەردەمەدا هونەری بەرگری هەبوو، بەداخەوە ئێستا جۆرێک لە پاشاگەردانییە، کەس بە کەس نییە، کەس بەخۆیدا ناچێتەوە، هونەری تورکی و فارسی و عەرەبی لە هونەرەکەی خۆمان بە باشتر دەزانین.

**ڕامان:** ئەو ڕوحی گەڕان و سۆراخکردنەش کە لەلای ئێوەدا هەبووە زۆر گەورەیە، کێ شتێکی پێیە بەدوایدا بڕۆیت و بچیتە لای، وەک ئەوەی لێرەوە چوونەتە کەرکوک و بەغدا بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێک، یان زانیارییەکت دەست بکەوێت، ئێستا ئەوەش نەماوە.

**خالید سەرکار:** لە بەرهەمێکدا کە تۆمارمان دەکرد، بەرهەمەکە هینی هەچ کەسێک بوایە، موناقەشەی دێڕ بە دێڕ و ڕستە بە ڕستەی میلۆدییەکەمان دەکرد، دەمانپرسی ئایا ئەم ڕستەیە ناچێتەوە سەر ڕستەی فلان هونەرمەند؟ ئایا ئەم میلۆدییە لە میلۆدی فلانەوە نزیک نییە؟ بمانزانیبایە کاریگەری تورکی، فارسی، عەرەبی بەسەرەوەیە، بوارمان نەدەدا و تۆمارمان نەدەکرد، ئەو کەسەی هێنابووی پێمان دەوت ئەو میلۆدییە بگۆڕە، یان ئەو دێڕە شیعرەی نەگونجاوە.

**ڕامان:** ئەی بۆ پشکنینی دەنگ لیژنەتان هەبوو؟

**خالید سەرکار:** بۆ دەنگ؟ بەڵێ، کە دەنگێک دەهاتە ناو (تیپی مۆسیقای سلێمانی)یەوە، نەک کەسێک، یان دوو کەس، لیژنەیەک گوێمان بۆ دەگرت، کە قەناعەتمان دەکرد ئەو دەنگە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوە، ئینجا دەهاتە ناو بەرنامەکانمانەوە و بۆمان تۆمار دەکرد.

**ڕامان:** دوای بڕیاردان لەسەر دەنگەکە، تۆمارکردن چۆن بوو؟

**خالید سەرکار:** تۆمارکردن وەک ئێستا نەبوو، سیمی تراکات و هێدفۆن بخەیتە گوێت و ئاگات لە برادەرەکەت نەبێ، چی و چۆن عەزفی کردووە، ئەو کاتە هەموومان لە ستۆدیۆیەکدا دادەنیشتین، چاومان لە یەک بوو، ئاگاداری یەک بووین، ئیحساسی یەکمان دەخوێندەوە، هەڵەیەک بکرایە، دەمانوت بوەستن فلان کەس هەڵەی کرد، یان ئەوە بەرزە، ئەوە نزمە، دەچووین لەودیو گوێمان لێ

دەگــرتەوە، تا مــاددەیەکـــمــان دەهێنایە بەرهەم، زۆر لەگەڵیدا ماندوو دەبووین، چەندان ڕۆژی دەبرد، چەندین سـەعـاتی دەخـایاند، تا تـەواومـان دەکـرد، گـوێمـان لێ دەگـرت، هەمـوومـان بەدڵمـان بوایە، ئینجا دەمـانوت شایانی بڵاوبوونەوەیە.

**ڕامان:** ئەگەر شێوازی کاری ئەوسای خۆتان لەگەڵ شێوەی کاری ئێستا بەراورد بکەیت، چۆنی دەبینی؟

**خالید سەرکار:** جێی داخە ئێستا ئەو شێوە کارکردنەی ئێمە نییە و نەماوە، وەک ئاگام لێ بێت، ئەم تراکە پەیدا بووە، تۆ دەچی ئامێرەکەت عەزف دەکەی، پارەکەی خۆت دەداتێ و دەڵێ برۆ خواحافیزت بێت، تۆم ناوێ، دەی دەی دوا کەس گۆرانیبێژەکە بانگ دەکات، پێی دەڵێ ئەو هێدفۆنە بکەرە گوێت و گۆرانییەکە بڵێ، ئیتر تەواو برۆ خواحافیز، ئینجا دەیبەن بۆ تەلەڤزیۆن، تەلەڤزیۆن وەری دەگرێت، کلیپی بۆ دەکەن و پارەی بۆ سەرف دەکەن و دەچێتە ناو خەڵکەوە، ئیتر خەڵک بەدڵیەتی، بەدڵی نییە، چۆن هاتووە، چۆن نەهاتووە، شتێک نییە ناوی کۆنترۆڵی جۆری بێت، کە حیسابێک و لێپێچینەوەیەک بۆ ئەم ماددە هونەرییانە بکات. کە دێتە ناو میدیاکانەوە، سەیر دەکەی گۆرانییەکی تورکی، یان فارسی نەقڵ کردووە و هۆنراوەی کوردی بۆ داناوە.

**ڕامان:** ماوەیەک ئەوەش باو بوو کە گۆرانیبێژەکانمان دەچوون میلۆدی عەرەبی، یان تورکییان دەبردە لای ژەنیارە تورکەکان، بۆ ئەوە دەڵێی چی؟

**خالید سەرکار:** ڕاستە، ئاوازی تورکی، یان عەرەبی هێناوە و چووە بۆ لای ژەنیاری تورک بۆیان ژەنیوە، ئەوە ماوەیەک پەیدا بووبوو، هەر گۆرانییەکەی بە تەواوی دەبرد بۆ تورکیا، لەوێ لە ستۆدیۆی ئەوان و بە ژەنینی ئەوان تۆماری دەکرد.. ئاخر پل و پەنجەی تورک چۆن بۆ کورد دەبێت؟ ئەو ئیحساسەی لەپل و پەنجەی کورددا هەیە، کەی لە هی تورکدا هەیە؟ چۆن ئاوا کار دەکرێ؟ تەنانەت عەرەبەکە کە لە بەغدا بوو نەیدەتوانی کاری کوردی بکات، لە کاتێکدا بۆ خاڵە سێوە، یان بۆ (تاهیر تۆفیق)ی عەزف کردووە، ئەو عەرەبانە ژێیەکیان بە ناوی ژێی کوردی هەبوو، بەڵام کە عەزفیان کردووە، دەنگی خاڵە سێوە و دەنگی تاهیر تۆفیق و دەنگی ئامێرەکانی تر لە کوێ؟ چونکە ئەوان ئیحساسێکی عەرەبی لە پل و پەنجەیاندا بووە، ئێستا ئەم حاڵەتانە لە مۆسیقای کوردیدا تێکەڵ بوون.

**ڕامان:** ئەو گۆرانیبێژانەی ئاوازێکیان بۆ تیپ دەهێنا و ئێوە ڕاو بۆچوونتان بەرانبەریان دەردەبڕی، کە ئەو بیروڕایانەیان لێتان دەبیست، پێی عاجز نەدەبوون؟ لێتان نەدەتۆراون؟

**خالید سەرکار:** برادەری خۆمان هەیە، عاجز بووە، نموونەی (قادر کابان)مان هەیە.

**ڕامان:** کاتێ میلۆدییەکە مۆرکی عەرەبی، یان تورکی بوایە، ئێوە بیروڕاتان لەسەری دەدا و ڕەت دەکرایەوە.

**خالید سەرکار:** بەڵێ، گۆرانیبێژەکە بە کاسێتێک تۆماری دەکرد و دەیهێنا، شەوێکی تەواو لای من دەبوو، گوێم لەو کاسێتە دەگرت، شەوێکی تەواو دەچووە لای کەسێکی تر، کە لە لیژنەکە ئەندام بوو، دوایی کۆ دەبووینەوە، هەموومان سەرنج و تێبینییەکانمان لای خۆمان دەنووسی، دواتر لە لیژنەکە باسمان دەکرد ئەم ئاوازە، ئەم میلۆدییە لەو برگەیە دەچێتەوە سەر گۆرانییەکی محەمەد عەبدولوەهاب، یان دەچێتەوە سەر گۆرانییەکی عەبدولحەلیم حافز، یان دەچێتەوە سەر گۆرانی و ئاوازێکی تورکی، لەبەر ئەوە بانگمان دەکرد و پێمان دەوت، تۆ وا دیارە زۆر موتەئسیری بەو هونەرمەندە عەرەبە، بۆیە ئەو ئاوازەت زیاتر تێکەڵە بەوەوە، تکایە بیگۆڕە، جاری وابوو دەکەوتە عینادی و نەیدەگۆڕی، دەیوت هەر ئەوەیە من نایگۆڕم، بۆم دەکەن بیکەن، نایکەن دەچم بە تیپێکی تر دەیکەم.

**ڕامان:** هونەرمەند قادر کابان لە تیپی مۆسیقای هەولێر گۆرانیی "ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد"ی تۆمار کردووە، بەڵام ئەو گۆرانییە، کارێکی جوانە.

**خالید سەرکار:** بێ گومان ئەوەی ئێمە لەسەر ئەو گۆرانییە نەبووە، ئەو گۆرانییەی خۆش بوو، تیپی هونەریی هەولێر بۆیان کرد، جوانیشیان بۆ کردووە، گۆرانییەکی تر بوو، کە بۆی هێنابووین.

**ڕامان:** نایەتەوە یادت چ گۆرانییەک بوو؟

**خالید سەرکار:** زۆر جوان لە یادمە، گۆرانییەک بوو، دەتوانم بڵێم سەرەتایەکەی کتومت هی محەمەد عەبدولوەهاب بوو.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییەی تۆمار نەکرا؟

**خالید سەرکار:** ئا، گۆرانییەکە، گۆرانییەکی محەمەد عەبدولوەهابە، ئەو گۆرانییە زۆر بەناوبانگە، ئیتر کە

پێمان وت عاجز بوو، وتی دەستکاری ناکەم و نایگۆڕم، کە لە ئێمە عاجز بوو، چوو بۆ تیپی هونەری هەولێر، ئەوانیش ئەو گۆرانییەیان بۆ تۆمار نەکرد.

**ڕامان:** تا مردیش ئەو گۆرانییەی لە هیچ کوێ هەر تۆمار نەکرا؟

**خالید سەرکار:** تۆمار نەکرا، بەڵام تەنیا بە دەنگی خۆی و بەبێ مۆسیقا هەیە، کە من بیستوومەتەوە و بە دەنگی خۆی تۆمار کراوە.

**ڕامان:** بە هەمان ئەو شێوەیەی کە خۆی ویستی ئاوا تۆماری کردووە؟

**خالید سەرکار:** ئەرێوەڵڵا.

**ڕامان:** کەسی تر هەبوو بەو شێوەیە لەبەر بیروڕای لیژنەکەتان لێتان عاجز بووبێت؟

**خالید سەرکار:** ئا، عوسمان عەلی، چەندین جار عاجز بووە، عاجزبوونەکەشی لەسەر میلۆدییەکەی بووبێت، یان لەسەر ئەوەی کە گۆرانیبێژێکی ترمان دەهێنا و بایەخمان پێ دەدا، ئێمە دەمانوت جارێ ئەمە تازەیە، کە بایەخمان پێ دەدا، ماوەیەک ئەوانمان بەلاوە دەنا، ئەو دەست لەکارکێشانەوەی دەنووسی، دەچووم بۆ لای و پێم دەوت عوسمان گیان دەست لەکارکێشانەوەی بۆ چییە، تۆ چۆن دەبێت وا بکەی؟ ئێوە ڕۆشنبیریی مۆسیقاییتان نییە، ئێوە خوێندنی مۆسیقاتان نییە، ئێوە نازانن ئێمە چەند بەو مۆسیقایەوە هیلاک دەبین، ئەوەتا زۆربەی گۆرانییەکانی تۆ مۆسیقاکەی من بۆم کردووی، یان ئەوانەی حەسەن گەرمیانی، زۆربەی من بۆم کردووە، یان ئەوانەی عەباس محەمەد، دوو گۆرانیی هەبوو، "وەی وەی" و "بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە"، ئەوە من بۆم کردووە، یان کەریم کابان، دووانی هەیە کە پێی بەناوبانگ بوو، "یاران وەسیەتم" و "شەو"، واتە ئێمە نەبین ئێوە گۆرانییەکی سادە و ساکار دەڵێن، تکاتان لێ دەکەم گوێ لە ئێمە بگرن، ئەوەتا هەر ئێوەش دیارن، ئێمە کێ دەماننناسێ، فەرموو ئەوەندەی عوسمان عەلی دیارە، خالید سەرکار دیار نییە، فرەنسیس داوود دیار نییە، دلێر ئیبراهیم دیار نییە، فلان دیار نییە، ئەنوەر قەرەداغی کە تۆزێک لە ئێمە زیاتر دیارە، ئەویش بە بۆنەی کەمانچەکەیەتی.

**ڕامان:** وەک دیارە ئەو گۆرانیبێژانە زۆربەیان ئاوازی خۆیان بۆتان هێناوە.

**خالید سەرکار:** بەڵێ، ئاوازی خۆیان دەهێنا، برایمی خەیات وابوو، خۆی حەزی لە ئاوازدانان بوو، ئاوازی دادەنا.

**ڕامان:** بەڵام هەر ئەو نییە، بەشی هەرە زۆری گۆرانیبێژەکان ئاوازیان بۆ خۆیان داناوە.

**خالید سەرکار:** بەڵێ، زۆربەیان دایانناوە، بەڵام کە دەیانهێنا ماددەیەکی خام و کرچوکاڵ بوو، جارێ لە ڕووی هونەرییەوە پڕ لە هەڵە بوو، دە وەرە ئەمە چاک بکە، تۆ وای لێ بکە کە هونەرمەندێک گوێی لێ بوو، نەڵێ ئەرێ ئێوە چۆن ئەوەتان تۆمار کردووە، خۆ ئەوەی هەڵەیە و ئەوەی هەڵەیە و هۆوەی هەڵەیە.

**ڕامان:** ئێوە دەورتان لە بەسەرکردنەوەی قوتابخانەکان، یان چالاکیی قوتابییەکان کە لەو سەردەمەدا نواندوویانە چی بووە؟ وەک بزانم ساڵانەش لە هاویناندا خولی مۆسیقا و خولی هونەریتان بۆیان کردووەتەوە، تۆزێک باسی ئەو چالاکیانەتان بکە.

**خالید سەرکار:** ئێمە وەک مامۆستایەکی مۆسیقا، کە چووینە چالاکیی قوتابخانەکان لەوێ پلەی سەرپەرشتیاریان داینێ، بۆمان هەبوو هەموو قوتابخانەکان بچین، هەر لە باغچەی ساوایانەوە تا دواناوەندی، ئیتر ڕۆژانە بە قوتابخانەکاندا دەگەڕاین، لە قوتابخانەیەک مامۆستای مۆسیقا هەبوایە، دەچووینە پۆلەکەیەوە و لە پۆلەکەدا دادەنیشتین، وەک سەرپەرشتیارێک بە مامۆستاکەمان دەوت فەرموو وانەکەت بڵێرەوە، وانەکەی دەوتەوە، کە وانەکەی تەواو دەکرد، لە ژووری مامۆستاکان لەگەڵی دادەنیشتین و گفتوگۆی پەروەردەییمان لەگەڵیدا دەکرد، پێمان دەوت ئەم بابەتەی وتتەوە لە ڕووی پەروەردەییەوە ئەمەی گونجاوە، ئەوەی نەگونجاوە، ئەمەی باشە و ئەمەی باش نییە، لە دەفتەردا بۆمان دەنووسی، من پێم دەوت کە جارێکی تر هاتمەوە و سەردانم کردی، تکایە ئەم شتانە دووبارە مەکەرەوە، ئەو شتانە دووبارە بکەرەوە، ئیتر لە ڕووی پەروەردەییەوە کاریگەریمان لەسەر مامۆستایانی مۆسیقا هەبوو، چەندجار کۆمان کردوونەتەوەو قسەمان بۆ کردوون.